# فەلسەفەی یاسادانانی ڕاگەیاندن و كاریگەرییەكانی لەسەر ڕێكخستنی میدیا -چاپەمەنییەكان بە نموونە (توێژینەوەیەكی شیكارییە)

ID No. 1417

(PP 188 - 220)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.35.10



| ساكار ڕۆستەم حسین - قوتابی خوێندنی باڵا- قۆناغی دكتۆرا | پ.ی. د.سامان جەلال مولود |
|---|---|
| كۆلێژی ئاداب / زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر | كۆلێژی ئاداب / زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر |
| sakarrostam1@gmail.com | dr.samanjalal@gmail.com |



وەرگـــــرتن : 2023/07/22

پەسندكردن :10 /2023/09

بڵاوكردنەوە : 01 / 2023/12

**پوختە**

**یاساكانی بواری ڕاگەیاندن بە یەكێك لە فۆرمە گرنگەكانی ڕێكخستنی میدیا دادەنرێت كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ كاریگەریان لەسەر چالاكییەكان و ڕەوتی كاركردنی بواری میدیا هەیە. لەو توێژینەوەیە هەوڵدراوە بە شێوەیەكی زانستی و ئەكادیمی شیكردنەوە بۆ جۆر و شێوازی یاسادانانی بواری ڕاگەیاندن بكرێت، هەروەها شیكردنەوەی ئاراستە و فەلسەفەی یاسادانانی بواری ڕاگەیاندن و كاریگەریان لەسەر تایبەتمەندی دەق و مادەكانی یاساكانی ڕاگەیاندن. لەلایەكیتر شیكردنەوەی ووردی چەمكی یاسادانانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن و جۆر و تایبەتمەندییەكانی و شیكردنەوەی چەمكی ڕاگەیاندن و ڕێكارەكانی ڕێكخستنی میدیا لە چوارچێوەی یاسایی لە ڕێگەی خستنەرووی ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی و هەرێمی كوردستان.**

**وشە سەرەكییەكان:**

**یاسا، یاسادانانی ڕاگەیاندن، میدیا، ڕێكخستنی یاسایی**

**پێشەكی :**

**یەكێك لە شێواز و فۆرمە گرنگەكانی ڕێكخستنی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن ڕێكخستنی یاساییە كە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهان پشتی پێدەبەسترێت. ڕێكخستنی یاسایش بە مانای دەركردنی كۆمەڵێك یاسای تایبەت بە بواری میدیا وەك (یاسای چاپەمەنی، یاسای میدیایی پەخشكراو، یاسای میدیایی نوێ و سۆشیال میدیا) دێت .**

بواری میدیا بە بوارێکی چالاك دادەنرێت کە هەڵکشاوەتە نێو هەموو بوارەکانی تری ژیان و تا رادەیەك کونترۆلی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کردووە رۆلی چالاکی هەیە لە بەرەوپێش بردنیان یاخود بە پێچەوانەوە لە تێکدانی شیرازەیان. بۆیە وەك هەموو بوارەکانی تر پێویستی بە ڕێکخستن هەیە تاوەکو ئەو رۆلە چالاکەی کە هەیەتی بەسەر بوارە جیاجیاکانی کومەڵگە رۆلێکی ئەرێنی بێت و لە پێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت. ئەو ڕێکخستنەی بواری میدیا و ڕۆژنامەگەری جۆرو شێوازی جیاوازی هەیە بە گوێرەی داواکاری و تایبەتمەندی و سیاسەتی وڵاتان جیاوازە. لە هەمانکاتدا بەشێکی بەرچاوی وڵاتان بۆ ڕێکخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پەنایان بۆ دەرکردنی یاسای تایبەت بردووە. کەواتە یەکێك لە فۆرمە گرنگەکانی ڕێکخستنی بواری میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بریتیە لە ڕێکخستنی یاسایی لە ڕێگەی دەکردنی یاسای تایبەت بە بواری میدیا لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان .

ئەو توێژینەوەیە جۆر و شێواز و میکانزمەکانی یاسای تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن دەخاتەروو، هەروەها شیکردنەوە بۆ ئاراستە و فەلسەفەی یاسای بواری ڕاگەیاندن و کاریگەریان لەسەر شێواز و تایبەتمەندی برگە و ماددەکانی یاساکان دەکات، لەگەڵ شیکردنەوەی ووردی چەمکی یاسای تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن و جۆر و تایبەتمەندییەکانی و خستنەرووی ڕێکارەکانی ڕێکخستنی میدیای چاپکراو.

**چوارچێوەی توێژینەوەکە**

**کێشەی توێژینەوە :**

ئەو توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە یەکێك لەو پرسە یاساییانەی کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی جێگەی سەرنجە کە ئەویش پرسی رێکخستنی میدیاییە لە چوارچێوەی یاساکان، لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بوونی یاساییەکی تایبەتمەند بە میدیا بە تایبەت میدیایی چاپکراو، بەڵام نارۆشنی دەبینرێت لە ڕێکخستنی میدیا کە ئاستەنگێکی بەرچاوی لەبەردەم میدیا دروستکردووە، هەروەها بۆشاییەکی گەورەی یاسایی لە نێو ڕۆژنامەنووسان و دەزگانی ڕاگەیاندن هەست پێدەکرێت و ئەم بۆشاییە یاساییە بەریەکەوتن و لێکترازانی لە نێو بواری میدیایی دروستکردووە لە هەرێمی کوردستان. لەبەر رۆشنایی ئەو دۆخەی هەرێمی کوردستان کێشەی ئەو توێژینەوەیە خۆی لەو پرسیارانە دەبینێتەوە: ئایا تا چەند یاساکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان توانیویانە کاریگەرییەکی ئەرێنیان هەبێت بەسەر پرۆسەی رێکخستنی میدیا لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە کە ببێتە ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی تاك و کۆمەڵگە؟ ئایا یاساکان ناروون و کێشەیان هەیە لە رووی دارشتنەوە، یاخود کێشە لە رێکارەکانی جێبەجێکردنی یاساکە هەیە کە وەك پێویست بۆ یەکلاکردنەوەی پێشێلکارییەکانی میدیا کاری پێناکرێت و کار بە یاساییتر دەکرێت؟

**گرنگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە بۆ چەند لایەنێك و بوارێك، ئەم توێژینەوە بۆ کۆمەڵگە گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە ڕێکخستنەوەی میدیا لە چوارچێوەی یاساکانی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی پاراستنی کۆمەڵگە لە زیانەکانی پەیامە نەخوازراوەکانی میدیا کە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر پرس و بابەتەکانی ناو کۆمەڵگە گەڵاڵە دەکرێت و ئاراستەی چین و توێژی جیاوازی جەماوەر دەکرێت. وەك ئێستا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت میدیا پەرشوبڵاوی پێوە دیارە و بەو ئاراستەییە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکانی دروستکردووە، هەروەها زیانی بە مرۆڤایەتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان گەیاندووە و هەنگاوی ناوە بەرەو سوکایەتی کردن بە مرۆڤایەتی و یاسا و رێسا و پێشێلکردنی بەها ئەخلاقییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی.

لەلایەکی ترەوە ئەم توێژینەوەیە لە بواری زانستی و تیۆری گرنگییەکەی لەوەدایە کە دەبێتە سەرچاوەیەك کە توێژەران پشتی پێببەستن و دەبێتە دەروازەیەك و دەرفەتێك بۆ توێژەران لە هەرێمی کوردستاندا تا توێژینەوەی زیاتر ئەنجامبدەن لە بواری ڕێکخستنی میدیا لە چوارچێوەی یاسا و لەهەمان کات دەبێتە دەروازە و سەرچاوەیەك بۆ لایەنی پەیوەندار لە دەسەڵات بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن بۆ ڕێکخستنی بواری میدیا و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە لەو بوارەدا هەیە.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجێکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە بۆ میدیا لە ئێستادا بوونیان هەیە و هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەم بوارە دراون لە ڕێگەی دیراسەکردنی جۆر و شێواز و میکانزمەکان و خستنەڕووی کاریگەریی و ڕێکارەکانی ڕێکخستنی میدیا لە چوارچێوەی یاساکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن.

**جۆر و ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی وەسفی دادەنرێت کە توێژەر بۆ خستنەڕووی بابەتەکە پشت بە میتۆدی شیکردنەوە یان ڕاڤەکردن (المنهج التحليلي) (Analytical Method)، دەبەستێت بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی لایەنە تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بە ڕاگەیاندن و یاسادانانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن و پرۆسەی ڕێکخستن لە چوارچێوەی یاسایی .

**پلانی توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە بەسەر (سێ) تەوەرەی سەرەکی دابەشکراوە کە ئەمانەن:

تەوەرەی یەکەم: دەروازەیەك بۆ چەمکی یاسای ڕاگەیاندن.

تەوەرەی دووەم: فەلسەفەی یاسادانانی ڕاگەیاندن.

تەوەرەی سێیەم: ڕێکارە یاساییەکان و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی ڕێکخستنی میدیا.

## تەوەرەی یەکەم
## دەروازەیەك بۆ چەمکی یاسادانانی ڕاگەیاندن

### باسی یەکەم: دەروازەیەك بۆ ناساندنی چەمکی ڕاگەیاندن

1. پێناسەی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن بریتیە لە پیشاندانی واقع و گەیاندنی ڕاستی ڕووداوو هەواڵ و زانیارییەکان بەمەبەستی سوود گەیاندن بە وەرگر بە شێوازێکی بابەتی و دوور لە شێواندن، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی لایەنی دیمۆگرافی و جیۆگرافی و سایکۆگرافی وەرگر لە کاتی ناردنی پەیامەکاندا لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە (بینراو بیستراو خوێندراو) [1]. ڕاگەیاندن پرۆسەی دابینکردنی هەواڵی ڕاست و دروستە بۆ خەڵك کە یارمەتییان دەدات بۆ دروستکردنی بیروڕا و بۆچوونێکی دروست لەسەر ڕووداوەکان

[1]. پاڤێ جەمیل ئەحمەد، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و پەیوەندی بەشڵەژانەکانی دەروونی دوای هێدمە لای ئاوارەکان، سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٣)، 2018، ل 182 .

بە جۆرێك ئەو بیروبۆچوونەیان بە شێوەیەکی بابەتیانە گوزارشت لە عەقڵیەت و هەڵوێست و مەیلەکانی جەماوەر دەکات [1].
پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ڕاگەیاندن ئەوەیە کە هەموو چالاکیەکانی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە کە ئامانجی پێدان و گەیاندنی ڕاستیەکان و هەواڵی دروست و زانیارییە لەسەر ڕووداوەکان و بابەتەکان و کێشەکانی ناو کۆمەڵگەیە بۆ جەماوەر، هەروەها گەیاندنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە و دوور لە شێواندن کە ببێتە هۆی تێگەیشتنی جەماوەر لە بابەت و کێشەکان و دروستکردنی هۆشیاری لای جەماوەر و لەبەرامبەردا دروست بوونی رای گشتی و بۆچوونی ڕاست و دروست لە ناو جەماوەر لەسەر کێشە و بابەتە ووروژێنراوەکان[2].
کەواتە لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی کە ئاماژە پێکران دەتوانرێت بوترێت کە ڕاگەیاندن بە مانا سادەکەی بریتیە لە گواستنەوە و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بۆ جەماوەر بە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن لە پێناو بە ئاگابوونی جەماوەر لەسەر هەموو پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە، جگە لەوەش لە پاڵ پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسیەکان بەشداری دەکات لە دروستکردنی هۆشیاری خەڵك دەربارەی پرسە جیاوازەکان و پەروەردەکردنیان لە بوارە جیاوازەکان کە یارمەتیان دەدات بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئەزموونی مەعریفییان .

2. میدیایی چاپکراو

میدیایی چاپکراو کە ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان بە کۆنترین ئامرازەکانی راگەیاندن دادەنرێت دوای داهێنانی چاپ. بریتین لە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری کە بە قەبارەی جیاواز و ناوەرۆکی گشتی و تایبەت لە خۆ دەگرێت و لە تەنێکی ماددی لە کاغەز دروستکراو، لە قەبارەی چەند لاپەڕەیەکدا، کە ژانرەکانی رۆژنامەوانی (هەواڵ، راپۆرتە هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، بەدواداچوونی رۆژنامەوانی، وتار، کۆنگرەی رۆژنامەوانی، چاوپێکەوتن، هتد..) تێدا بڵاودەکرێتەوە[3].

. ئەرك و بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندن

راگەیاندن گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ناو کۆمەڵگەکان و بە درێژایی مێژوو جێگەی سەرنج و بایەخی خەڵك و دەسەڵات بووە، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکییە بۆ رۆشەنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە پاڵ ئەرکی گواستنەوە و ئاڵوگورکردنی زانیارییە سیاسییەکان و ئابوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان .
دەتوانرێت ئەرك و بەرپرسیارەتییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە چەند خالێك کۆبکرێتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أ. دروستکردنی رای گشتی بە یەکێك لە گرنگترین ئەرك و بەرپرسیارەتی ڕاگەیاندن دادەنرێت، کە لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی رای گشتی دروست دەکات لە بارەی بابەتە گرنگ و هەنوکەیەکانی ناو کۆمەڵگە [4].

[1]. عبد الرزاق محمد الديليمي، إشكاليات الإعلام والاتصال في العالم الثالث، مكتبة الرائد العلمية، الطبعة الاولى، عمان، 2004 ، ص، 18.

[2]. فارس جميل أبو خليل، وسائط الإعلام بين الكبت والتعبير، دار أسامة للنشر والتوزيع، الأردن، الطبعة الاولى، 2011، ص، 18.

[3]. د.سامان جەلال، هونەرەکانی رۆژنامەوانی تەلەفزیۆن.. رادیۆ..رۆژنامە..گۆڤار..میدیای ئەلیکترۆنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2018، ل98 .

[4] . Bhavna Sood ,Role of Media in Building the Better Society ,International Journal of Research in Social Sciences, Vol. 8 Issue 9, September 2018, p 663.

ب. کۆکردنەوە و پاشکەوتکردن و چارەسەر و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و راگەیاندراوەکان و وێنە و بیروڕاکان لە پێناوی تێگەیشتنی ژینگەی دەورووبەرو هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن تیایدا بە شێوەیەکی زانستی و کارامەیی و لێهاتووییەوە [1] .

ج. دیالۆگ و توێژکردن: ئەم سەردەمە زیاتر پێویستی بەوە هەیە دیالۆگی بە بەرهەم لەگەڵ دەوروبەریدا ساز بکات و راستییەکان و بیروڕا جیاوازەکان ئاڵوگۆڕ بکات، سادەترین خێراترین و ئاسانترین ڕێگەش کەناڵەکانی راگەیاندنە [2] .

د. میدیا ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێرێت لە کاریگەریان لەسەر دەرئەنجامە سیاسییەکان، بە جۆرێك لە سیستەمی دیموکراسییە مۆدێرنەکان وەك پردێکی پەیوەندییە لە نێوان حکوومەت و هاوڵاتیان بە شێوەیەك کە زانیاری و شیکردنەوە بۆ پرسە سیاسییەکان بۆ جەماوەر دابین دەکات، کەواتە میدیاکان خەڵك ئاگادار دەکەنەوە لەسەر ئەو پرسە سیاسیانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانیان و یارمەتیان دەدات لە دروستکردنی بریار و هەڵبژاردنەکانیان لە داڕشتنی دەرئەنجامە سیاسییەکان [3] .

ە. چاودێری حکومەت و سیستەمی سیاسی، بە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی راگەیاندن دادەنرێت لە ڕێگەی راپۆرت کردنی لێکۆڵینەوەی وورد لە راستییەکان و چاودێری ووردی چالاکی و بریارە سیاسییەکان [4] .

باسی دووەم: دەروازەیەك بۆ چەمکی یاسای ڕاگەیاندن

1. پێناسەی زاراوەیی یاسای ڕاگەیاندن

یاسای میدیا بە چەمکێکی ئاڵۆز دادەنرێت لە زۆر لایەنەوە، چونکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ڕێسا و یاسا کەلەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەرکراون بۆ ڕێکخستنی بوارێکی دیارکراو لە نێوان میدیا و پراکتیزەکردنی پەیوەندییەکان بە هەموو پێکهاتە و فۆرم و شێواز و ئامرازکانیەوە، لەلایەکیتریش لەگەڵ کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی تر تێکەڵ دەبێت کە بە بەشێك لە بنەما گرنگەکانی بواری میدیا دادەنرێن وەکو ئازادی ڕادەربرین و ڕۆژنامەگەری، ئەخلاقی پیشەیی ڕۆژنامەگەری، بەرپرسیارەتی و سیاسەتی میدیا، و چەندین چەمکیتر کە سیستەمی میدیایی پێکدەهێنن. ئەو یاسایانە لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕێنمایی گشتی کە پێشوەختە هەڵسوکەوتی تاکەکان دیاری دەکات بۆ دانانی چوارچێوەی پەیوەندی نێوانیان لە بواری میدیا دانراون وەك جۆرێك لە کونترۆڵ و سانسۆری حکوومەتەکان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لە هەرە ڕێکخستنە بەربڵاوەکانی بواری میدیا دادەنرێت بەتایبەت لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان.

---

[1] د.حبیب کەرکوکی، سیستەمی راگەیاندن، هەولێر، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە 17، 2009، ل 14-16.

[2] مەجید سالح، بنەما تیۆرییەکانی رای گشتی و راگەیاندن، سلێمانی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی مەکتەبی بیروهۆشیاری، 2006، ل 89-91.

[3] . Himanshu Sharma, The role of media in shaping public opinion and its impact on political outcomes, 2023, available on: https://www.newdelhitimes.com/the-role-of-media-in-shaping-public-opinion-and-its-impact-on-political-outcomes/, Last visit: 8/7/2023.

[4]. Karadimitriou, A., von Krogh, T., Ruggiero, C., Biancalana, C., Bomba, M., & Lo, W. H. , Investigative journalism and the watchdog role of news media: Between acute challenges and exceptional counterbalances. In J. Trappel, & T. Tomaz (Eds.), Success and failure in news media performance: Comparative analysis in the Media for Democracy Monitor 2021, p 104.

هەروەها "یاسای ڕاگەیاندن بریتیە لە پرۆسەی ڕێکخستنی میدیا لە رووی ناوەرۆك و سەرجەم لایەنەکانی بە تێروانینێکی واقیعی کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودوخی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی کاری میدیایی، یاخود ئەو یاسایانەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پرۆسەی میدیا هەیە و لەلایەن دەسەڵاتێکی پسپۆرەوە دانراون بە پشت بەستن بە ڕێسا یاساییەکان و دەستوورییەکان کە بە پێشێلکردنیان رووبەرووی سزا دەبنەوە" [1].

کەواتا یاساکانی ڕاگەیاندن دەتوانرێت وەك کۆمەڵێك ڕێسای یاسایی کە ڕێکخستن دەکەن بۆ پرۆسەی میدیایی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەموو چالاکییەکان (ڕۆژنامە و چاپەمەنی و رادێو و کەناڵەکان و سینەما و فلیمە دیکۆمێنتارییەکان و ئاژانسەکانی هەواڵ و هتد.. ) پێناسە بکرێت. بەو مانایە ئەو ڕێسایانە کۆنترۆڵی چالاکییەکانی میدیایی دەکەن و هەروەها ڕێکخستن بۆ ماف و ئەرکەکانی پیشەیی ڕاگەیاندن دەکەن و لەبەرامبەردا بەرپرسیارەتی و سزادان لە ئەنجامی پێشێلکردنی ئەو ڕێسایانە دێتە ئاراوە.

کەواتە دەتوانرێت بووترێت کە ئەرکی سەرەکی ئەو یاسایانە بریتین لە بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئازادی میدیا و پاراستنی کۆمەڵگە لە ناوەرۆکە نەخوازراوەکانی میدیا و هەروەها یارمەتیدەرێك و ڕێنشاندەرێکە بۆ دامەزراوە میدیاییەکان تا بتوانن بە باشترین شێوە و لە کەشێکی گونجاو ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، لە هەمانکاتدا سنوردارکردنی ئەو هێزەی کە میدیا هەیەتی لە لادان و سوکایەتی کردن بە کۆمەڵگە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو یاسایانە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی میدیا ڕێکدەخەن لە ڕێگەی دیاریکردنی ماف و ئەرکی ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی لە بواری میدیا کاردەکەن، هەروەها ڕێکخستنی ناوەرۆك و بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان لە ڕێگەی ئامراز و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەر. هەروەها یاساکانی راگەیاندن بەو شێوەیەش پێناسەکراون، کە بریتین لە بنەمای یاسایی کە کۆمەڵێك کۆنترۆلی گشتین بۆ دیاریکردنی ڕەفتار و پەیوەندی تاکەکان لە بواری میدیا، کە دەقە دەستورییەکان، یاسای چاپەمەنی و میدیا، یاسای سزادان، یاساکانی سەندیکا و بەڵگەنامەی ئەخلاقی پیشەیی لەخۆدەگرێت [2].

دەسەڵاتەکان لە میانەی ئەو یاسایەنەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕێکدەخەن، کە بابەتەکانی چاودێری (سانسۆر) و مافەکانی بڵاوکردنەوە و یاسای پەخش و هەروەها بابەتەکانی تانە و تەشەر و یاسای بەرەنگاربوونەوەی قۆرغکاری لە خۆدەگرێت . یاسای ڕۆژنامەنووسی بەشێکە لە یاسای گشتی، نەك یاسای تایبەت، چونکە دەوڵەت لایەنێکی پەیوەندییەکانی نێو یاساکەیە و زۆربەی بەند و ماددەکانیشی بە شێوازی فەرمانکردنە-ئەمرکردن-( القواعد الامرة)، کە ناشێ ڕێککەوتن لەسەر پێچەوانەکەی بکرێت (جیبەجێ نەکرێ) [3].

لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکان وا سەیری یاسای ڕاگەیاندن دەکرێت کە بریتیە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دوو پرەنسیپی دژ بە یەك کە بریتین لە ئازادی ڕا دەربرین و ئەو کۆتوبەندانەی لە یاساکانی یاسا گشتیەکاندا هاتووە هەر وەك لە بابەتەکانی تانە و تەشەر و بەرژەوەندی گشتی. کەواتە ئەو ڕێسایانەی کە لەلایەن دەوڵەت یان دەسەڵاتداران دادەڕێژرێت و لەهەمانکاتدا چاودێری پابەندبوون و جێبەجێ کردنیان دەکەن لەلایەن دەزگانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانەوە .

ئەو یاسایانە کاریگەریان هەیە بەسەر پراکتیزەکردنی ڕۆژنامەگەری بە گشتی و ڕۆژنامەنووسان بەتایبەت، و بە یاسای ئەخلاقی پەیوەندییەکان دادەنرێت، ئەو یاسایانەن کە مامەڵە لەگەڵ ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئەو بابەتانەی پەیوەندی هەیە بە

---

[1]. بسام عبد الرحمن المشاقبة، فلسفة التشريعات الاعلامية، الطبعة الاولى، دار اسامة، عمان الاردن، 2012 ،ص 121.

[2]. ليلى عبد المجيد، التشريعات الإعلامية، منشورات جامعة القاهرة، 2005 ، ص 81.

[3]. د. سامان فەوزی، هێڵە یاساییەکانی کاری رۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2011، ل 52.

ناوزڕاندن و دەستبردن بۆ تایبەتییەکانی تاکەکان و کۆمەڵگە دەکەن، وەکو ناوزڕاندن، مافی کۆپی، ئاسایشی نیشتمانی و تێکدانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و هتد [1] .

سێ بواری گشتی گرنگ لە میدیا لە چوارچێوەی یاساکانی ڕاگەیاندن هەیە کە ڕێکخستنی بۆ کراوە بەگوێرەی تایبەتمەندی و دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکان کە بە بوونیان یاسایەکی تۆکمە بۆ ڕاگەیاندن فەراهەم دەکات کە هەموو لایەنێك لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: یەکەمیان میدیای چاپکراوە، وەك ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕیکلامی چاپکراو و هتد. دووەمیان پەیوەندیەکان وەك پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی. سێیەم پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان و ئینتەرنێت و میدیای ئەلیکترۆنی.

2. جۆر و لقەکانی یاسای ڕاگەیاندن

بەشی زۆری زانایانی بواری یاسای، یاسا تایبەتەکانی ڕاگەیاندن دابەش دەکەن بۆ سەر دوو بەشی سەرەکی کە ئەمانەن [2]:

یەکەم: یاسای ڕاگەیاندنی نیشتمانی

یەکێك لە بەشە گرنگەکانی یاسای ڕاگەیاندن یاسا نیشتمانییەکانە، کە ئەوانیش بە گوێرەی بیرورای شارەزایان و پسپۆرانی بواری یاسای ڕاگەیاندن یاسا ڕاگەیاندنی نیشتمانی لە چەند بەشێکی گرنگ پێکهاتووە ئەوانیش (یاسای ناوەرۆك، یاسای دەستەکان، یاسای پیشەیی)ە [3] :

1. یاسای ناوەرۆك: ئەو یاسایانە لە ڕێگەی دانانی سنووردارکردنی وورد یان لە ڕێگەی ڕێسا ستانداردەکان و یان ڕێنماییەکان دەردەکرێن لە میانەی ئەو کۆتوبەند و مەرجانەی کە دەوڵەت لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و ڕاستییەکان دادەنێت بۆ گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە و مافی تاك و پاراستنی شکۆی تاك. هەروەها ڕێکارەکانی سزادان یان ئەو ڕێنمایانەی کە مەبەستی سەرەکی ڕێزگرتنە لەو سنوورەی کە گەرەنتی مافی بڵاوکردنەوە لە خۆدەگرێت .
2. یاسای دەستەکان: بریتیە لە یاساکانی پرۆژەی میدیایی کە هەموو ئەو مادە و بڕگانە لە خۆ دەگرێت کە توانای جێبەجێکردنی هەیە لەسەر دەزگاکان و دەستەکانی ڕاگەیاندن، ئەو یاسایانە ئەزموونیان وەرگرتووە لە ئەزموونی ئەو دەوڵەتانەی کە پابەندبوونە بە جێبەجێکردنی پێشنیاری ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری ئاژانسەکانی هەواڵ و خزمەتگوزاری و بڵاوکردنەوە کاردەکەن .
3. یاسای پیشەیی: هەموو پیشەیەك یاسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە پارێزگاری لێدەکات و هەروەها پیشەی ڕاگەیاندن وەك هەر پیشەیەکیتر پێویستی بە یاسایەك هەیە کە ڕێکخستن بۆ چالاکییە جۆراوجۆرەکانی بکات لە چوارچێوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەو یاسایانەش ڕێسا تایبەتەکانی ئێتیکی پیشەیی و ئەو یاسایانەی کە دابونەریتی پیشەیی لە خۆدەگرێت لە بواری میدیا دەگرێتەوە کە تایبەتە بە ڕۆژنامەنووسان و ئەو کەسانەی لە بواری ڕاگەیاندن کار دەکەن لە پێناو ڕێکخستن و بەردەوامبوونی کارەکانیان، و ئەو ڕێسایانەی کە پیشەی ڕۆژنامەوانی ڕێکدەخات لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکان و دەستەکانی بواری میدیایی کە تایبەتن بەو کەسانەی کار دەکەن لە بواری میدیا یان خاوەنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن .

---

[1] .Ewelukwa, B. N. Introduction to Nigerian Press Law. Maranatha Press Ltd. Okpara Avenue, Enugu-Nigeria, 2004.p40.

2. ابراهيم الدقوقي، حرية الاعلام الدساتير العراقية، الطبعة الاولى، انقرة، 1975، ص 133.

[3]. عثمان ياسين علي، قوانين الصحافة و النشر في اقليم كوردستان و العراق و الدول العربية، الطبعة الاولى، مطبعة روزهةلات، اربيل، 2011، ص7.

**دووەم: یاسای ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی**

پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە بووە هۆی بەستنی چەندین سیمینار و کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ دانانی بناغەیەك بۆ هاوکاریکردن لە بوارە جیاجیاکانی ڕاگەیاندندا، چ لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەوە بێت کە لە بواری ڕاگەیاندندا کاردەکەن، (بۆ دابەشکردنی شەپۆلەکانی پەخش و گواستنەوەی تەلەفزیۆنی لە ڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە) یاخود لە ڕێگەی گرێدانی ڕێکەوتننامەکانی ڕاگەیاندن بە مەبەستی هاوکاری و ئاڵوگۆڕکردن شارەزایی و ئەزموون (وەك ئەو هاوکاریانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشی وڵاتە تازە فراژوو بووەکانی دەکات) یان ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی بواری ڕاگەیاندنی تایبەت بە بنەبڕکردنی پێشێلکارییەکانی بواری ڕاگەیاندن بێت [1] . یاخود ئەو هاوکاری و ئەزموون و شارەزاییەیی کە ڕێکخراوی یونسکۆ پێشکەشی دەکات بە دەوڵەت تازە پێشکەوتووەکان لە ڕێگەی ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی پێشێڵکارییەکانی ڕاگەیاندن وەك بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی کتێب و فیلم و بڵاوکراوەکان و پاراستنی خاوەندارێتی فیکری و ئەدەبی [2] .

بیرۆکەی یاسای نێودەوڵەتی راگەیاندن و یاسا نێوەخۆییەکانی دیکە وڵاتان لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، و جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی (1948) سەرچاوە دەگرێ، چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخستنی کاری میدیا و پارێزگاریکردن لە ڕۆژنامەوانان و پاراستنی مافەکانیانیان لە سەردەمی جەنگ و ئاشتیدا داڕێژراون، هەندێك لەو یاسایانە لە شێوەی پەیماننامە یان عورفی نێودەوڵەتین، هەندێکی دیکەشیان مولزەمن و هێزی جێبەجێکردن وەردەگرن [3] . کەواتە دەتوانرێت بووترێت کە یاسای ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی بریتیە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ڕێککەوتنەکان و بڕیارەکان و ڕێسا و ڕاسپاردەکان کە لەلایەن کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یاخود دوو ڕێکخراوە یان لەلایەن کۆمەڵە دەوڵەت و ڕێکخراو و دەستەیەك کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی داڕێژراون.

لەلایەیکتر هەندێك لە توێژەرانی بواری یاسای ڕاگەیاندن، جۆرو لقەکانی یاسادانانی ڕاگەیاندیان بۆ چەند جۆرێکیتر دابەش کردووە جگە لەو دوو جۆرەی باسکرا کە ئەوانیش بریتین لە [4] :

1. **یاسای ئامرازەکانی راگەیاندن:** ئەو یاساییە تایبەتە بە ئامرازە جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندن لە رووی شێواز و چۆنیەتی کارکردنیان وەك ڕۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆن و میدیای ئەلیکترۆنی (میدیایی نوێ) .
2. **یاسای تاوان و سزای راگەیاندن:** ئەو یاساییە تایبەتە بە تاوانەکانی ڕۆژنامەوانی کە تێدا بە ووردی باس لە جۆری تاوانەکان کراوە و هەروەها بۆ هەر تاوانێك لە تاوانەکانی ڕۆژنامەوانی بە ووردی شێوازی سزادانەکان دیاریکراون.
3. **یاسای پیشەیی راگەیاندن:** ئەو یاسایە لایەنی پیشەیی راگەیاندن رێکدەخات، وەك چۆنیەتی دامەزراندنی سەندیکا و ڕێکخراوە ڕۆژنامەوانییەکان، و شێوازی ئەندام وەرگرتن، مەرجەکانی، و دەسەڵاتەکانی سەندیکا، و توانای سزادانی ئەندامانی لەکاتی سەرپێچیدا، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ماف و ئەرکەکانی میدیاکار و پابەندییەکانی .

---

[1]. عادل مەلا سالح، ئازادی ڕاگەیاندن لە یاسادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2020، ل47-48 .

[2]. عزوق الخير، مكانة قانون الاعلام و علاقتة بفروع القوانين الاخري، مجلة العلوم الانسانية، جامعة محمد خيضر بسكرة، العدد 23، 2011، ص 18.

[3]. هاوژین عومەر، ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2012، ل77.

[4]. سەرچاوەی پێشوو، ل76.

**باسی سێیەم: سەرچاوەی یاسای ڕاگەیاندن**

**یاسای ڕاگەیاندن چەند سەرچاوەیەکی هەیە کە دەق و ماددەکانی لەسەر بنەمای ئەو سەرچاوانە دانراوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:**

**1. پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان**

**ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێکخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە بەسەرچاوەیەکی گرنگی یاساکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت. پەیماننامە نێودەولەتیەکان بریتییە لە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی کە لە ژێر حوکمی یاسای نێودەوڵەتییە و کە دەبێت بە شێوەیەکی نووسراو بێت لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر، یاخود لە نێوان دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان زیاتر، یان لە نێوان دوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یان زیاتر [1].**

**ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان سەرچاوەی سەرەکی یاسای ڕاگەیاندنن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نیشتیمانی، کە پەیماننامە (المیثاق)ی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی (1945) بە دامەزرێنەری یاساکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت، هەروەها جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی (1948)، بەتایبەتی ماددەی (19) بنەمای هەموو ئەو یاسایانە دادەنرێت کە ئازادییەکان ڕێکدەخەن لە سەرتاسەری جیهان و هەموو دەستور و یاساکانی ڕاگەیاندن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو جاڕنامەیە بە ئاراستەی یەکەم دادەنرێت بۆ سیاسەتەکانی ڕاگەیاندن کە هەرچەند دیدگای یاسادانان لە بواری ڕاگەیاندن لێی نزیکتر بێت، ئەوا دەبێتە مۆدێلێکی باشتری پراکتیزەکردنی کارو پیشەی میدیایی [2]. دەقی ماددەی (19)ی ئەو جاڕنامەیە بەو شێوەیەیە: ((هەموو کەسێك مافی ئازادی بیروڕا و ڕادەربرینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکەو وەرگرتنی هەواڵ و بیروباوەڕو بڵاوکردنەوەیان بەهەر شێوەیەك و بێ خۆبەستنەوە بە سنووری جوگرافی دەگرێتەوە)) [3]. هەروەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان و هەرودوو پرۆتۆکۆڵی هاوپێچکراوی کە لە ساڵی (1966) دەرچووە بە سەرچاوەیەکیتر دادەنرێن بۆ یاسای ڕاگەیاندن، بەشێکی زۆر لە دەوڵەتەکان ئەو پەیماننامەیان پەسەندکردووە و لەکاتی دانانی یاسای ڕاگەیاندن وەك سەرچاوەیەك بەکاریان هێناوە [4].**

**یاساکان کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن وڵاتانەوە پەسەندکراون و ئەو بڕگانەی تایبەتن بە ئازادی ڕاگەیاندن وەرگیراون لەلایەن وڵاتان وەك بنەمایەکی سەرەکی بۆ دەستور، وەك جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە بە یەکێك لە گرنگترین دەقە یاساییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت بۆ یاساکانی بواری ڕاگەیاندن[5].**

**2. دەستور**

**یەکێکیتر لە سەرچاوەکانی یاساکانی بواری ڕاگەیاندن دەستوری وڵاتانە کە لە کاتی دەرکردنی یاسای ڕێکخستنی ڕاگەیاندن پشتی پێدەبەسترێت. دەستوور بریتییە لە دۆکیومێنتێکی یاسایی کە بە پێی هەندێك ڕێکاری تایبەت لە لایەن دەستەیەکی دیاریکراو ئامادە دەکرێت و لە ڕاپرسی گشتیدا گەل دەنگی پێدەدات، بنەماکانی پەیوەندیدار بە سیستەمی حوکمڕانی لە ناو**

---

**.1سەرچاوە: بڕگەی یەکەم / ماددەی دووەم لە بەشی یەکەمی پەیماننامەی ڤێنا ساڵی 1986 بۆ یاسای پەیماننامەکان، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چاپی دووەم، 2005**

**2. محمود عیاد، التشریعات الاعلامیة، جامعة محمد خیضر بسکرة، الجزائر، 2020، ص 22.**

**3. د.کەمال سەعدی، چوارچێوەی یاساییی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2006، ل20.**

**4. أسماء حفناوي، مقیاس التشریعات الاعلامیة، جامعة محمد خیضر بسکرة، الجزائر، 2011، ص 5.**

**5. جمیلة الشربجي، التشریعات الاعلامیة، 2022. الزیارة الأخیرة: 2023/6/20.**

**https://arab-ency.com.sy/law/details/26120/2**

دەوڵەت لە کاتێکی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت [1] . یاسازانی بەناوبانگ (ئەندرێ هۆریۆ) لە بارەی پەیوەندی نێوان دەستوور و دەسەڵات و ئازادیەوە دەڵێ: ((ئەرکی بنەرەتی یاسای دەستووری بریتیە لە ڕاگرتنی بەڵانس لە نێوان پێویستبوونی دەسەڵات و پێویستی زامنکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکە کەس، چونکە پراکتیزەکردنی دەسەڵات خۆی لە خۆیدا مەبەست نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی، هەروەها ئازادیش ڕەها و بێ سنوور نییە، بەڵکوو دەبێ لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی یاساییدا سنووردراربکرێت و هەندێك ڕێکاری دیاریکراو بۆ پراکتیزەکردنی دابنرێت، بە پێچەوانەوە دەبێتە مایەی هاتنەکایەوەی جۆرێك لە پاشاگەردانی)) [2] . دەستور یاسای باڵای دەوڵەتە کە لەسەر بنەمای هەموو یاساکانیتری دەوڵەت دانراوە، بەو مانایە یاسای ڕێکخستنی میدیاش بە هەمان شێوە لەسەر بنەمای دەستور دانراوە و پێویستە دەق و بڕگەکانی یاساکانی بواری ڕاگەیاندن لەگەڵ بنەماکانی دەستور بگونجێت [3] .

3. سیاسەتی ڕاگەیاندن

سیاسەتی ڕاگەیاندن بە سەرچاوەیەکیتر دادەنرێت بۆ یاسای ڕاگەیاندن کە لە کاتی دەرکردنی یاسای تایبەت بە میدیا پشتی پێبەستراوە. سیاسەتی ڕاگەیاندن پێکهاتووە لە کۆمەڵێك بنەما و ڕێسا و ڕێنمایی و پراکتیزەکردنی هۆشیارانە و ڕەفتارە باوەکان کە سیستەمی ڕاگەیاندن بەرێوەدەبەن لە کاتێکی دیاریکراو [4] . سیاسەتی ڕاگەیاندن پێناسەی زۆری بۆ کراوە و گشتگیرترینیان کە لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆ کراوە ئەوەیە کە سیاسەتی ڕاگەیاندن بریتیە لە کۆمەڵێك بنەمای ستاندارد کە کۆنترۆلی چالاکییەکانی دەوڵەت دەکات بەرامبەر بە پرۆسەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن، هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن بەتایبەت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە پێناو بەدەست هێنانی باشترین ئەنجامی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە لەلایەن دەوڵەتەکان پەسندکراوە [5] . کەواتە سیاسەتی ڕاگەیاندن بریتیە لە کۆمەلێک پرەنسیپ و ڕێنوێنی بۆ ئاراستەکردنی سیستەمی میدیایی دادەڕێژرێت، کە لەلایەن دەوڵەتان وەك سەرچاوەیەك بۆ دەرکردنی یاسای تایبەت بە ڕاگەیاندن پشتی پێدەبەستێت، چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی ڕێکخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە رووی ناوەرۆك و رووکەشە لە خۆدەگرێت .

4 .یاساکانیتر کە پەیوەندی هەیە بە ڕاگەیاندن .

جگە لەو سێ سەرچاوەی یاسای ڕاگەیاندن چەندین یاسایتر هەیە کە وەك سەرچاوەیەك بەکاردەهێنرێت لە کاتی دەرکردنی یاسای تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن. وەك یاسای سزادان کە ئەو تاوانەنای تێدایە کە هاوبەشن لەگەڵ پراکتیزەکردنی کار و پیشەی ڕۆژنامەگەری ئەو تاوانەنەش وەکو ناوزڕاندن، سوکایەتیکردن بە بەها پیرۆزەکانی دەوڵەت، ئاشکراکردنی نهێنیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە یان نهێنیەکانی دەوڵەت یان سەربازی، و چەندین بابەتیتر کە پەیوەندی بە پرکتیزەکردنی ڕاگەیاندن هەیە [6].

---

[1]. د.کەمال سەعدی، یاسای دەستووری، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، چاپخانەی تاران، 2023، ل 9.

[2]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 15.

[3]. أسماء حفناوي، مصدر السابق، ص 5.

[4]. حكيمة جاب الله، اشكاليات السياسات الاعلامية و أطرها النظرية، جامعة الجزائر، 2015، ص 18.

[5]. نبيل خرشي، السياسة الاعلامية: المفهوم و الاسس والمبادئ العامة، 2021. الزيارة الأخيرة: 22/ 2023/6.
https://al3omk.com/706513.html

[6]. محمود عياد، مصدر السابق، ص 27.

## تەوەرەی دووەم
## فەلسەفەی یاسادانانی ڕاگەیاندن

**باسی یەکەم: ئاراستەکان و ئاستەکان و تایبەتمەندییەکان و پۆلینکردنی یاسای ڕاگەیاندن**

**1. ئاراستەکانی یاسای ڕاگەیاندن**

**فەلسەفە و ئاراستەکانی یاسای ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ سێ ئاراستەی جیاواز کە هەریەکەیان بە گوێرەی تایبەتمەندی خۆی دەقە یاساییەکانی بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی میدیا و دیاریکردنی پانتایی ئازادی و سەربەخۆیی ڕاگەیاندن لەسەر داڕێژراوە. ئەو سێ ئاراستەیەش لەسەر بنەما و بە گوێرەی دوو قوتابخانەی سەرەکیە کە ئەوانیش قوتابخانە یاساییەکانی (ئەنگلۆسەکسۆنی) و (فرانکۆفۆنی) .**

**یەکەم: ئاراستەی قوتابخانەی (ئەنگلۆسەکسۆنی)**

**فەلسەفە و ئاراستەی قوتابخانەی ئەنگلۆسەکسۆنی بۆ یاسای ڕاگەیاندن بە شێوەیەکە کە پانتاییەکی فراوانی ئازادی بە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری دەدات بە مانایەکیتر ئەو جۆرە قوتابخانەیە لەو دەوڵەتانە بۆ یاسای ڕاگەیاندن پشتی پێدەبەسترێت کە دەست تێوەردانی دەسەڵات لە ئازادی ڕاگەیاندن سنوردار دەکات. لەو جۆرە دەوڵەتانە هیچ یاسایەکی تایبەتی نووسراویان بە بواری ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو ڕاگەیاندن وەك هەر دەزگایەکیتری کۆمەڵایەتی بە یاسای گشتیەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ڕێکخستنی لە ڕێگەی خۆدی دەبێت بە پشت بەستن بە ئیتیکی پیشەیی ڕۆژنامەوانی، چونکە بوونی هەر یاسایەکی تایبەت بە ڕاگەیاندن دەبێتە بەربەست لەبەردەم کاری ڕۆژنامەوانی و ماف بە دەسەڵات دەدات هەندێکجار لە ڕێگەی ئەو یاسایانە ئازادی ڕاگەیاندن بەرتەسك بکاتەوە [1] .**

**قوتابخانەی ئەنگلۆسەکسۆنی لەسەرەتا لە بەریتانیا سەریهەڵداوە و پەیرەو کراوە، هەروەها لەو وڵاتانەش کە لە ژێر داگیرکاری بەریتانیا بوونە وەك ئەمریکا، ئوسترالیا و نیوزلەندا، لەم قوتابخانەیە پرۆسەی یاسادانان پشت دەبەستێت بە بیروڕای دادوەران (دادوەریی) کە لە سیستەمی دادوەری بەریتانیا پەیڕەو دەکرێت کە ئەوەش هەڵقولاوی یاسا هاوبەشەکان و دابونەریت، پێشینەی دادگایی هەروەها یاساکانی دادپەروەری سروشتیە [2] .**

**بەریتانیا کە بە پێشەنگی ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت، هیچ یاسایەکی تایبەت بە بواری راگەیاندنی نییە، بۆیە کار بە بنەماکانی دابونەریت و یاسای ئازادی رادەربرین و یاسای پاراستنی داتاکان و یاسای بەدەستهێنانی زانیاری و هەورەها ئیتیکی پیشەیی دەبەسترێت [3] .**

**کەواتە بە گوێرەی ئەو قوتابخانەیە یاسا بۆ ڕێکخستنی میدیا نەرمترە و پانتایەکی فراوانتر بە ئازادی ڕۆژنامەوانی دەدات، هەروەها بە گوێرەی سیستەمی ئەو قوتابخانەیە ڕۆژنامەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هیچ جۆرە بەربەستێك لەبەردەمیان نییە بۆ پراکتیزەکردنی کارەکانیان. لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو قوتابخانەیە ڕێکخستنی میدیا بە جۆرەێکە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دەرفەتی ئاگادارکردنەوەیان پێدەدرێت، بەمەش مافی پراکتیزەکردنی پیشەی ڕۆژنامەوانی بە**

---

[1]. محمد العمر، التشريعات الاعلامية، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، السورية، 2020، ل 34.

[2] .Britannica, The Editors of Encyclopaedia. "Anglo-Saxon law summary". Encyclopedia Britannica, 24 Jul. 2021, Last visit: 2/6/2023. https://www.britannica.com/summary/Anglo-Saxon-law.

[3] .Evan Ruth, Media Regulation in the United Kingdom, Article19 GlOBAL CAMPAING FOR FREE EXPRESSION, 2007, p 4.

شێوەیەکی ئازادانە دەبێت، بەڵام بە مەرجێك لایەنی پەیوەندیدار ئاگاردار بکرێتەوە لە چالاکییە میدیاییەکان و چالاکیە میدیاییەکان دەکەوێتە ژێر چاودێری دادوەری دواتر [1] .

کەواتە لە کاتی بوونی هەر پێشێلکارییەك لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دەکەونە ژێر چاودێری دادوەری و لە کاتی دڵنیابوونەوە لە پێشێلکارییەکە بە یاسا گشتیەکان یاخود پێشینەی دادگایی مامەلەیان لەگەڵ دەکریت و سزا دەدرێن لەسەر پێشێلکارییەکەیان. قوتابخانەی ئەنگلۆسەکسۆنی گرنگی بە ئازادی دەدات و باوەری بە توانای میدیا هەیە بۆ دۆزینەوە و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە کارەکانیان و دوورکەوتنەوە لە پێشێلکارییەکان .

دووەمر: ئاراستەی قوتابخانەی فرانکۆفۆنی.

سەرچاوەی سەرهەڵدانی قوتابخانەی فرانکۆفۆنی وڵاتی فەرەنسا و ئەو وڵاتانەیە کە بە زمانی فەرەنسی دەدوێن، تایبەتمەندی یاساکانی سیستەمی قوتابخانەی فرانکۆفۆنی ئەوەیە کە پشت دەبەستێت بە نووسینەوەی یاساکان لە شێوەی دەق و ماددەی دیاریکراو کە تێدا ماف و ئەرکەکان دیاری دەکات، کە بەشێوەیەکی نەگۆرە و هەڵگری ئاماژە و مانای تەواون بۆیە بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بە دەربرینی رای دادوەر نادات لە کاتی یەکلاکردنەوەی دۆسیەکان. ئەو وڵاتانەی پشت بە قوتابخانەی فرانکۆفۆنی دەبەستن بە یەکەمین دادەنرێن کە یاسایان بۆ ڕێکخستنی میدیا و ئازادی ڕاگەیاندن دەرکرد بە هەموو شێوازەکانیەوە هەر لە رۆژنامە و چاپەمەنیەکان و ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو تا بڵاوکراوەی ئەلیکرۆنی و میدیای نوێ[2] .

کەواتە بە گوێرەی ئەو قوتابخانەیە ڕێکخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و رۆژنامەوانی لە ڕێگەی ڕێسا و یاسای نوسراوی تایبەت بە ڕاگەیاندن دەبێت کە بە شێوەی دەق و ماددەی یاسایی ڕوونن و مەرج بۆ پراکتیزەکردنی ڕۆژنامەوانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دادەنێن, سنووری ئازادی ڕۆژنامەوانی دیاریدەکات لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی و مەرجی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەسەپێنێت بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ سنووردارکردنی ئەو پێشێلکاریانەی کە لایەن میدیا دەکرێت . بەشێکی زۆری یاساکانی بواری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن سەرچاوەی قوتابخانەی فرانکۆفۆنیە. لە هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەوەی کە یاسای تایبەتمەند هەیە بە بواری رۆژنامەگەریی چاپکراو، کەواتە لە هەرێمی کوردستان یاسادان ئاراستەی سیستەمی قوتابخانەی فرانکۆفۆنی گرتووە.

سێیەمر: یاساکانی ڕاگەیاندن لە نێوان هەردوو قوتابخانە :

ئەو ئاراستەیەی یاسای ڕاگەیاندن لە نێوان هەردوو ئاراستەی قوتابخانەکانەیە کە پاڵپشتی ڕێکخستنی خودی دەکات لەسەر بنەمای ئەخلاقی پیشەیی، کە بەشێوەیەك ئازادییەکان ڕێکدەخات و پێشێلکاریکردن ڕووبەرووی سزا و لێپێچوونەوەی یاسایی ناکاتەوە .

کەواتە دەتوانین بوترێت کە سێ ئاراستە هەیە بۆ یاسای ڕاگەیاندن کە ئەوانیش [3]:

ئاراستەی یەکەمر: ئەو ئاراستەیە بنەمای سەرەکی ئەو یاسایەنەیە کە ئازادی و مافی ڕاگەیاندن رێکدەخەن لە ژێر رۆشنایی مافە پێویستیەکانی مرۆڤ بۆ بنیادنانی دیموکراسی. ئەو ئاراستەیە هیچ دەقێکی نووسراو بۆ ڕێکخستنی ڕاگەیاندن لە ژێر ناوی یاسا نەنوسراوەتەوە، بەڵکو سەرچاوەی یاسایی ئەو ئاراستەیە بریتیە لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و یاساکانیتر

---

1. محمود عیاد، مصدر السابق، ص 41.
2. مصدر السابق، ص 39.
3. محمد العمر، مصدر السابق، ص 36

**واتا میدیا وەك هەر ئاكارێكیتری كۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری. ئەو ئاراستەیە تایبەتە بە یاساكان و ماددەكانی دەستور پەیوەست بە مافە سەرەتاییەكانی مرۆڤ، هەروەها مافە سیاسی و ئابوورییەكان .**

**ئاراستەی دووەم: ئەو ئاراستەیە پێچەوانەی ئاراستەی یەكەمە و كە كۆمەڵێك یاسای تایبەت بە میدیا و ڕۆژنامەوانی دەگرێتەوە كە شێواز و پۆلێنی جیاوازی بۆ كراوە وەك:**

i. **یاساكانی تایبەت بە بڵاوكردنەوە هەموو ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە كە زانیاری بڵاودەكەنەوە.**
ii. **یاساكانی چاپەمەنی هەموو چاپكراوەكان دەگرێتەوە.**
iii. **یاساكانی بڵاوكراوەی ئەلیكترۆنی ئەو بڵاوكراوەنە دەگرێتەوە كە بەشێوەیەكی ئەلیكترۆنیە.**
iv. **یاساكانی تایبەت بە دەزگاكان وەك یاسای بازرگانی، یاسای میدیای بیستراو و بینراو، هتد .**

**ئاراستەی سێیەم: ئەو ئاراستەیە تایبەتە بە ڕێكخستنی خودی بۆ پیشەی ڕۆژنامەگەری و میدیا لە ڕێگەی كۆمەڵێك دەق و ڕێسای ئەخلاقی و شەرەفی پیشەیی كە كاریگەریان هەیە بەسەر ڕێكخستنی ئاڵوگوركردن و بڵاوكردنەوەی پەیامی میدیایی. ئەو ئاراستەیە بە جۆرێكە كە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن دوور لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن و یاسادانان و دادوەریی بە هاوكاری لەگەڵ ڕێكخراوە پیشەییەكانی بڵاوكراوە و ڕۆژنامەنووسان و نوێنەری جەماوەر و ئیتیك و مەرجی پراكتیزەكردنی پیشەیی لە پێناو ڕێكخستنی ڕاگەیاندن دادەنێن [1] .**

**بە گوێرەی ئەو سێ ئاراستەیەش سیستەمی یاسادانانی بواری ڕاگەیاندنی دەوڵەتەكان دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر ئەوانیش بریتین لە:**

i. **ئەو دەوڵەتانەی كە سیستەمی یاسادانانیان ئەنگلۆسەكسۆنیە .**
ii. **ئەو دەوڵەتانەی كە سیستەمی یاسادانانیان فرانكۆفۆنیە.**
iii. **ئەو دەوڵەتانەی كە سیستەمی یاسادانانیان بۆ ڕێكخستنی میدیا تێكەڵەیەكە لە قوتابخانەی ئەنگلۆسەكسۆنی و ئیتیكی پیشەیی .**

### 2. ئاستەكانی یاسای ڕاگەیاندن

**یاسادانانی ڕاگەیاندن سێ ئاستی هەیە كە ئەمانەن [2] :**

**ئاستی یەكەم: یاساكان و ئازادی ڕاگەیاندن و ماددە دەستورییەكانی تایبەت بە مافی هاوڵاتیان و مافە سەرەكییەكانی مرۆڤ و هەروەها مافە سیاسی و ئابوورەییەكان .**

**ئاستی دووەم: یاسای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و بڵاوكراوە كە یاساكانی ڕۆژنامەوانی و یاساكانی میدیای جەماوەریی دەگرێتەوە كە لە شێوەی یەك یاسایە وەك یاساكانی بڵاوكراوە و چاپەمەنیەكان و رۆژنامەگەری یان جۆراو جۆرە وەك یاساكانی دەزگاكانی ڕاگەیاندن و یان ئەو یاسایانەی تایبەتە بە ڕێكخستنی پیشەیی .**

**ئاستی سێیەم: پێگەكانی ئیتیكی پیشەیی كە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن بە شێوەیەكی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێكردن دەتوانێت بە هاوكاری لەگەڵ ڕێكخراوە پیشەییەكانی ڕاگەیاندن و نوێنەری جەماوەر لە شێوەی**

---

[1]. **علي قسايسية، مصدر السابق، ص 21-30.**

[2]. **فطيمة قرموش، اشكالية الحق في الاتصال في الجزائر، مذكرة لنيل شهادة الماجستير في علوم الإعلام و الاتصال ،جامعة الجزائر ، 2013، ص 21-30.**

ڕێکخراوێك کۆمەڵێك پەیماننامەی ئیتیکی پیشەیی دابنێن کە تێدا مەرجەکانی پراکتیزەکردنی پیشەی ڕۆژنامەوانی بە گوێرەی ئەو ڕێسایانەی کە لە یاسادا هاتووە دیاربکرێت .

3. تایبەتمەندییەکانی یاسادانانی ڕاگەیاندن

یاسادانانی ڕاگەیاندن کۆمەلێك تایبەتمەندی هەیە کە لە یاساکانیتر جیادەکاتەوە، گرنگترینیان بریتین لەمانە:

1. یاسادانانی ڕاگەیاندن تایبەتمەندی تازەگەریی و نەرمی (مرونە) هەیە بە هۆی ئەوەی کە یاسایەکی سەردەمیانەیە و لەگەڵ سەرهەڵدانی چاپەمەنی سەریهەڵداوە. ئەو یاسایانەی تایبەتن بە ڕێکخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دایکبووی ئەو سەردەمەن و لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ناوەڕۆکی میدیا لەسەر جەماوەر سەریهەڵدا [1] .
2. یاسادانانی ڕاگەیاندن دەکەوێتە نێوان یاسا تایبەتەکان و یاسا گشتیەکان بۆیە هەندێك لە یاساکان و ماددەکانی دەچێتە چوارچێوەی یاسا تایبەتەکانەوە و هەندێکتریشی دەچێتە چوارچێوەی یاسا گشتیەکانەوە. کەواتە دەتوانرێت بوترێت کە یاساکانی ڕاگەیاندن یاسای تایبەت و سەربەخۆن نە بەتەواوی دەتوانرێت بە بەشێك لە یاسا گشتیەکان دابنرێت، نە بە تەواوی بە یاسا تایبەتەکان دابنرێت. یاساکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی ڕێسای تایبەت و سەربەخۆن کە لەلایەن دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت دەردەچێت، هەندێکجار وەك یاسای تایبەتەکانن و هەندێکجار وەك یاسای مەدەنی و یاسای سزادانن [2] .
3. یاسادانانی ڕاگەیاندن یاسایەکی کۆدنەکراوە (غیر مقنن) واتا هیچ یاسایەکی دیاریکراو یاخود یەك یاسا نییە کە بە تەواوی و بە شێوەیەکی گشتگیر هەموو لایەنەکان و بوارەکانی میدیا بەڕێوەببات و ڕێکخستنیان بۆ بکات وەکو چۆن لە یاساکانیتر وەك یاسای سزادان و مەدەنی کە یەك یاسای دیاریکراوە و کاری پێدەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی. پاکێجێك یاسا و ڕێسا هەیە کە کاری میدیایی ڕێکدەخەن دیارترینیان یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەیە کە چەندین ڕێسا لە خۆ دەگرێت کە ڕێکخستن بۆ بڵاوکردنەوە و چاپکردنی هەندێك ناوەڕۆك دەکات کە پێیان دەوترێت میدیایی کاغەزی یان چاپکراو وەك ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان ئەمەش جیاوازە لە میدیای بینراو بیستراو کە بە یاسای تایبەتی خۆیان ڕێکخستنیان بۆ دەکرێت [3] ، هەروەها میدیای نوێش بەهەمان شێوە یاسای تایبەتی خۆی هەیە، کەواتە کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بە هەریەك لە فۆرمە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن هەیە کە ئەرکیان ڕێکخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە بە پێی تایبەتمەندیەکانیان.

4. پۆلین کردنی یاسادانانی ڕاگەیاندن

یاساکانی ڕاگەیاندن بەپێی تێڕوانینیان بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیا پۆلینکراون، واتا بەلەبەرچاوگرتنی ئاستەکانی ئازادی کە بە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دراوە، دەتوانرێت یاسای ڕاگەیاندن پۆلین بکرێت بەسەر دوو جۆر کە ئەمانەن :

یەکەم: یاساکانی ڕاگەیاندن کە ئازادی میدیا بەرتەسك و سنووردار دەکات.

[1]. دانة العتوم، ما هي خصائص و مميزات التشريعات الاعلامية؟، 2020. الزيارة الأخيرة: 2023/6/22.
https://e3arabi.com/media

[2]. جميلة الشربجي، مصدر السابق، 2022.

[3]. دانة العتوم، مصدر السابق، 2020.

بەشێك لە وڵاتە نا دیموكراسیەكان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی یاسای تایبەت بە ڕاگەیاندن هەژموونی خۆیان بەسەر عەقڵی خەڵكدا بپارێزن و ڕێگری لە هەموو جۆرە هەوڵێكی ڕۆشنگەری و ئازادی فكری و كلتووری و میدیایی بكەن. دیارترین ئەو سنورداركردنانەش دەتوانرێت لە چەند خاڵێك كورت بكرێتەوە، وەكو: (سنووورداركردنی مۆڵەتدان، دانانی سانسۆر بە هەموو جۆرەكانیەوە، سنورداركردن و دەستبەسەرداگرتنی دادگاكان، ...هتد)[1].

دووەم: یاسا مۆدێرینەكانی ڕاگەیاندن كە میدیا ئازاد دەكات .

سەرهەڵدانی شورشی هزری و ئازادی و لیبرالیزم و زاڵبوونیان بەسەر نەزانی و ستەمكاری و دروستبوونی فەلسەفەی ڕۆشنگەری لە ئەنجامی یەكگرتنی دەسەڵاتی عەقڵ و دەسەڵاتی ئازادی هۆكاری سەرەكی بوون بۆ گەشەسەندنی كۆمەڵگە بە شێوەیەكی خێراتر، لە ئەنجامدا بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو یاسا تایبەتانەی كە پانتاییەكی فراوانی ئازادی بۆ ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دابینكردووە [2] .

باسی دووەم: پەیوەندی یاسای ڕاگەیاندن بە یاسا گشتییەكان

1. پەیوەندی یاسای ڕاگەیاندن بە یاسای دەستووری

پەیوەندییەكی روون هەیە لە نێوان یاساكانی ڕاگەیاندن و یاسای دەستوری بە هۆی ئەوەی كە یاسای دەستوری بەشێكە لە یاسا گشتییەكان و لەهەمانكاتدا هەندێك لە لقەكانی یاسای راگەیاندن دەچێتەوە سەر یاسا گشتییەكان. هەر یەكێك لەو یاسایانە تایبەتن بە چارەسەركردنی پرسی جۆراو جۆر پەیوەست بە دەوڵەت، لە كاتێكدا یاسای دەستوری هەموو پرسەكان چارەسەردەكات، بەڵام یاسای ڕاگەیاندن بەشێك و لایەنێك لە پرسەكانی دەوڵەت چارەسەردەكات كە پرسەكان و كێشەكانی میدیاییە لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی .هەروەها دەتوانرێت بە شێوەیەكی روونتر پەیوەندی یاسای ڕاگەیاندن بە یاسای دەستوری لە میانەی ئەو خاڵانەی خوارەوە روون بكرێتەوە[3] :

لە ڕێگەی پێناسەكردنی یاسایی دەستوری بە (یاسایی ئازادی) لێرەدا پەیوەندی بە یاسای ڕاگەیاندن زیاتر روون دەبێت چونكە یاسای ڕاگەیاندنیش یاسای ئازادییە، هەرچەند یاساناسان لەسەر پێناسەكردنی یاسای دەستوری بیروڕای جیاوازیانە هەیە بەڵام لەسەر ئەوە ڕێكەوتوون كە یاسای ڕاگەیاندن بەشێكە لە ئازادی سیاسی و پەوەندییەكی بەهێزی هەیە بە یاسای دەستوری بە هۆی ئەوەی یاساكانی ڕاگەیاندن بنەماكان و هێزی لە دەستور وەرگرتووە.

لە لایەنی ناوەرۆكەوە دەتوانرێت پەیوەندی نێوان یاسای ڕاگەیاندن و یاسای دەستوری روون بكرێتەوە لەم لایەنەوە كە دەوڵەت لە دیدی یاساكانی دەستور پێكهاتووە لە كۆمەڵێك رەگەز كە هەرێمی و مرۆڤایەتی و سیاسیە و هەر ئەو رەگەزانەش ماددە دەستورییەكانیان لەسەر دانراوە ئەوا یاسای ڕاگەیاندن گرنگی بە دوو لەو رەگەزانە دەدات كە رەگەزی مرۆڤایەتی و سیاسی، هەروەها بابەتەكانی خوێندن و پەروەردە و ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسی و گەشەپێدانی كۆمەڵگە كە بە فاكتەرە سیاسی و كۆمەلایەتییەكانن و بە شێوەیەكی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پەیوەندیان بە سروشتی سیستەمی ڕاگەیاندنی دەوڵەت هەیە.

---

[1]. بسام المشاقبة، مصدر السابق، ص 2.

[2]. حجام الجمعي، التشريعات الاعلامية و اخلاقيات المهنة الصحفية، 2020، ص 5.

[3]. عبدالرحمان نشادي، التشريعات الاعلامية و علاقتها بالقوانين الاخرى، المجلة متيجة للدراسات الانسانية، العدد 7، 2017، ص 310-311.

لە رووی سەروەرییەوە، سەروەری دەستوری دەوڵەت بە ئاو و خاك و ئاسمانی لە یاسای دەستوری دیاریدەکرێت، سیاسەتی ڕاگەیاندنیشی دیاریدەکرێت لە ڕێگەی ئەو سنوورەی بۆی تەرخانکراوە لە شەپۆلەکانی رادیۆ بۆیە دەست بردن بۆ هەر یەکێك لەو بوارانە وەك دەستدرێژی بۆ سەر سەروەرەری دەوڵەت لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و دەرەکی .

2. پەیوەندی یاسای ڕاگەیاندن بە یاسای نێودەوڵەتی

یاسا نێودەوڵەتیەکان تایبەتمەندن بە چارەسەرکردنی ئەو ململانییەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییە لە نێوان دەوڵەتەکان، لەهەمانکاتدا یاسای ڕاگەیاندنیش ئەو ململانیانە چارەسەردەکات کە لە بواری میدیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییە جا چ لەسەر ئاستی تاکە کەسی بێت کە پێشیلکاری و سوکایەتی بە دەوڵەتێك بکات لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی یاخود دەوڵەتێك پێشێلکاری و سوکایەتی بکات بە دەوڵەتێکیتر لە ڕێگەی بڵاوکراوەکان و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و هتد. ئەو بەرپرسیاریەتییە نێودەوڵەتییە لەوەوە سەرهەڵدەدات کە سوکایەتیکردن و ئەو رفتارە خراپانە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە زۆربەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی بواری ڕاگەیاندن بۆ بەڕەنگاربوونەوەی ئەو رەفتارە خراپانە جەختیان کردووتەوە لەسەر و واژووی سزادانیان کردووە لە ڕێگەی لێژنەیەکی ئازادی ڕاگەیاندن سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە سەرپێچی ئەو پەیماننامانەی ڕاگەیاندن دەکەن [1] .

3. پەیوەندی یاسای ڕاگەیاندن بە یاسای تاوانکاری

یاسای راگەیاندن پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە بە یاسای تاوانکاری کە یاسای سزادانیشی پێدەوترێت، ئەو کردارانە دیاریدەکات کە بە تاوان دادەنرێت و جۆر و رێکارەکانی سزادان دیاریدەکات. هەروەها بە دواداچوون بۆ تاوانبار و لێکۆلینەوە لەگەڵی و دادگایی کردنی و جێبەجێکردنی سزا لە خۆ دەگرێت [2] . لە بواری راگەیاندنیش مەبەست لەو یاسایانەیە کە تایبەتن بە رۆژنامەگەری و هەموو ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیان بە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە هەیە. پەیوەندی نێوان یاسای راگەیاندن و یاسای سزادان پەیوەندییەکی بەهێزە، یاسای سزادان بەشێکە لە یاسا گشتییەکان، هەروەها لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان بۆ تاواناکانی راگەیاندن گەراوتەوە سەر یاسا گشتییەکان کە تایبەتن بە سزادان کەواتە یاسای راگەیاندن لە بەشێك لە بڕگە و ماددەکانی دەچێتەوە سەر یاسا گشتییەکان. هەردوو یاسا ئەرکیان پاراستنی ئازادییە گشتییەکانە لە رێگەی سزادانی تاوانباران یان بە یاساکانی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان یان یاسای سزادان (تاوانکاری)، هەروەها هەردوو یاسا بەشێك لە رێساکانیان لە بەشێك لە بنەماکانی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وەرگرتووە. بنەمای یاسایی " لا جريمة ولا عقوبة إلا بنص" واتا هیچ تاوانێك و سزایەك نییە بەبێ دەقێکی یاسایی کە بە سەرچاوەی یاسای تاوانکاری دادەنرێت و لە هەمانکاتدا ئەو بنەما یاساییە بە بنەمای یاسای ڕاگەیاندنیش دادەنرێت، چونکە پەیوەستە بە ئازادییە گشتییەکان [3] . کەواتە ماددە و بڕگەکانی تاوانەکانی رۆژنامەگەری تەنها ئەو تاوانانە نین کە لە یاساکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن هاتوون، بەڵکو ماددە و بڕگەکانی یاسای سزادانیش دەگرێتەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە یاسایی هەندێك وڵاتانی جیهانە لە بارەی تاوانەکانی ڕاگەیاندن وەك یاسای ڕاگەیاندنی وڵاتی جەزائیر ژمارە (12-5)ی ساڵی 2012 تایبەت بە راگەیاندن، کە ماددەی 47 ی ئەو یاساییە بە گوێرەی ماددەی 301ی یاسای سزادان دەرکراوە، هەر وەك لە ماددەی 47ی یاساکەدا هاتووە کە "ئەندامانی

[1] عزوق الخير، مصدر السابق، ص 20.

[2]. عبدالرحمان نشادي، مصدر السابق، ص 306.

[3]. . مصدر السابق، ص 306.

دەستەی بەرزەفتکردنی ڕۆژنامەگەری و هاوشێوەکانی پابەند دەکات بە پاراستنی نهێنی پیشەیی سەبارەت بەو کار و زانیاری و ئەو بەڵگانەی دەکەوێتە دەستیان بە گوێرەی ئەرکەکەیان بە گوێرەی ماددەی 301ی یاسای سزادان" [1] .

4. پەیوەندی یاسای ڕاگەیاندن بە یاسای کارگێری

پەیوەندی یاسای راگەیاندن بە یاسای کارگێری لە مامەڵەکردن لەگەڵ کارگێری گشتی وەك پەسەندکردن و پێدانی مۆڵەت و پراکتیزەکردنی چالاکییەکانی راگەیاندن وەك فرۆشتن و دابەشکردن و خزمەتگوزارییە ئیدارییە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن کە لە رێگەی یاسای کارگێری سیستمە گشتیەکان و پێکهاتەکانی دەپارێزێت، بۆیە یاساکانی راگەیاندن رێساکانی رێکخستنی خۆی لە یاساکانی کارگێرییەوە وەردەگرێت [2] . یەکێك لە سیستەمەکانی بەرێوەبردنی کاروباری راگەیاندن سیستەمی کارگێرییە کە هەموو ئەو دەقە یاسایانە و رێسایانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە بڵاوکردنەوە و چاپکردن و دابەشکردن [3] .

## تەوەرەی سێیەم
## پرۆسە و ڕێکارە یاساییەکانی ڕێکخستنی میدیا

ڕێکخستنی یاسایی بواری ڕاگەیاندن بەو کۆمەڵە یاسا و ڕێسایە پێناسە دەکرێت کە لەلایەن دەوڵەت یان هەر دەسەڵاتێکی تر دامەزراوە، ئەو ڕێسایانەش بریتین لە بەڵگەنامە و یاساکانی دامەزراو لەلایەن یاسادانەرانەوە [4] . یاسادانانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بەسەر یاساکانی پەیوەست بە ناوەرۆکی میدیایی واتا پەیامە نێردراوەکان، یاساکانی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە رووی ڕێکخستن و بەرێوەبردن و دیاریکردنی ماف و ئەرك و بەرپرسیارەتیەکان، هەروەها یاساکانی پەیوەست بە پیشەی رۆژنامەوانی .

کاریگەری و رۆڵی یاساکانی بواری ڕاگەیاندن لە پرۆسەی ڕێکخستنی میدیا بەندە بە تا چەند حکومەتەکان بە کردەوە رێز لە سەروەری یاسا دەگرن، چونکە حکومەتەکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە رێوشوێنی نایاسایی بگرنەبەر بۆ پراکتیزەکردنی پیشەی ڕۆژنامەوانی یاخود یەکلاکردنەوەی کێشە و پێشێلکارییەکانی بواری میدیا لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. سەرەتای پرۆسەی ڕێکخستنی یاسایی بۆ ڕاگەیاندن بە ڕێکخستنی چاپەمەنییەکان دەستی پێکرد و دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە پەیدابونی رادێو و کەناڵەکان یاسادانەران هەوڵیانداوە ئەو بوارەی ڕاگەیاندنیش لە چوارچێوەیەکی یاسایی رێکبخەن، دواتر لە دوای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەرەو ئەلیکترۆنی بوونی جیهان و سەرهەڵدانی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و میدیای نوێ جارێکیتر پێداچوونەوە بە یاسا تایبەتەکانی بواری ڕاگەیاندن کرا، چونکە یاسای چاپەمەنی و میدیای بیسترا و بینراو لەگەڵ تایبەتمەندی میدیایی نوێ نەدەگونجا. سەرەتا بۆ باسکردن لە جۆر و شێوازەکانی یاساکانی ڕاگەیاندن بە گوێرەی جۆرەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێویستە باسێکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بخرێتەروو .

باسی یەکەم: رێکخستنی یاسایی بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەکان و چاپەمەنییەکان

---

[1]. قانون العضوي رقم 12 - 05 المؤرخ في 12 يناير 2012، المتعلق بالاعلام. جريدة رسمية عدد 2 صادرة في 15ي يناير 2012. ص26.

[2]. عزوق الخير، مصدر السابق، ص 21.

[3]. مصدر السابق، ص 22.

[4]. حياة ابراهيمي، كريم بلقاسي، التنظيم السمعي البصري في الجزائر- دراسة تحليلية لقانون السمعي البصري 2014، مجلة الاتصال و الصحافة، العدد 1، 2020، ص 76.

یاساداناني ڕاگەیاندن یان ڕێکخستنی یاسایی ڕۆژنامەگەری بنەمای سەرەکی پرۆسەی ڕێکخستنی میدیاییە لە زۆربەری وڵاتانی جیهان و تایبەتمەندی پابەندبونی ناچاری هەیە کە پێویستە لەلایەن رۆژنامەنوسان و راگەیاندنکاران و ئەو کەسانەی لە بواری میدیا کار دەکەن لەکاتی پراکتیزەکردنی پیشەی رۆژنامەوانی و هەر چالاکییەکی تری میدیایی پابەندبن پێوە و ئامانج لەو یاسایانە دروستکردنی کەشێکی باشە بۆ راگەیاندنکاران و یارمەتیدەر بێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و کارکردنیان لە چوارچێوەیەکی رێکخراو بە جۆرێك پەیامە بڵاوکراوەکانیان لە رۆژنامەکان و بلاوکراوە نووسراوەکان نەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە و ئاسایشی گشتی. لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەگەریی چاپکراو گرنگترین دیاردەی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە، بۆ گوزارشتکردنی تاکەکانی کۆمەڵ لە بیروڕا و هزر و ویژدانی خۆیان، بۆیە بۆتە مایەی بایەخپێدانی یاسادانەران [1] . ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە بڵاوکراوە نووسراوەکان بە یاسای چاپەمەنییەکان ناسراوە، ئەو یاسایانە بە هەنگاوی یەکەمر دادەنرێت لە دەرکردنی یاسای تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن.

لە ناوەراستی سەدەی بیست بواری ڕاگەیاندن پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆی بینی کە بووە هۆی پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتی ڕاگەیاندن کە دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی زۆری ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوەکان داگرتبوو و ئامانجی سەرەکییان قازانج بوو و کارە میدیاییەکانیان دوور بوو لە پرەنسیپ و ئەخلاقی پیشەیی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنا، هەروەها هەر لەو سەردەمە کۆمەڵێك دەزگای ڕاگەیاندن دامەزران کە بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتداران بوون و ڕاگەیاندن لەو سەردەمر زۆر لاواز بوو و رۆژنامەنوسانیش تەواو لە ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتداران بوون. شایانی ئاماژە پێکردنە کە لە سیستەمە نا دیموکراسییەکان دەرکردنی رۆژنامە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و دەوڵەت و کە ئازادی دەرکردن و خاوەندارییەتی رۆژنامە و چاپەمەنییەکان تەواو بەرتەسکراوەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە وڵاتە دیموکراسییەکان مافی ئازادی دەرکردن و بڵاوکردنەوە و خاوەنداریەتی رۆژنامە و چاپەمەنییەکان بەردەستە بۆ هەموو کەسێك بەبێ هیچ سنووردارکردنێك لە چوارچێوەی یاساکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن و رۆژنامەگەری بەمەبەستی ڕێکخستن نەك سنوردارکردن .

ڕێکارە یاساییەکانی دەرکردنی رۆژنامە و چاپەمەنییەکان لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکیتر جیاوازە و پەیوەستە بە مەودای ئازادییە گشتییەکان لە ناو کۆمەڵگە، بەو مانایەی یاساکانی ڕێکخستنی ڕاگەیاندنیش سیاسەتی بڵاوکردنەوە و دەرکردنی رۆژنامە و چاپەمەنییەکان دیاریدەکەن وەك (سنوردارکردنی بڵاوکراوەکان، مەرجەکانی پراکتیزەکردنی پیشەی رۆژنامەگەری ...هتد )، کە دەبێتە سەپاندنی سیستەمر و شێوازەکانی ڕێکخستن [2] .

ئەو رەوشەی ڕاگەیاندن و رۆژنامە و بڵاوکراوەکان لەو کات بووە هۆی ئەوەی پسپۆرانی بواری یاسا و بیرمەندان و رۆشەنبیرانی جیهان هەوڵ بدەن بۆ دەرکردنی یاسای تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن بۆ رێگرتن لەو قورخکارییەی لە بواری میدیا و ڕاگەیاندن دەکرێت، لە هەوڵەکانی دەرکردنی یاسای تایبەت بە بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان (میدیای نووسراو)، ڕێکارە یاساییەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەکان بوو بە جۆرێك کە رۆژنامەنوسان خۆیان رۆژنامەکان دەربکەن و بەرێوەی ببەن. واتا خاونداریەتی ڕۆژنامە بەدەست ڕۆژنامەنوسان بێت. دەرکردنی ڕۆژنامە پێویستی بە جۆرە ڕێکخستنێك هەیە، ئەمر ڕێکخستنەش لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر بەپێی گۆڕانی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چەمکی ئازادی لەو دەوڵەتەدا دەگۆڕێ [3] .

---

[1]. د.کەمال سەعدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 62.

[2]. رشيد خضير، حرية اصدار الصحافة المكتوبة في التشريع الجزائري الفرق بين قانوني الاعلام (12-5، 90-7)، جامعة الوادي، 2017 ، ص535.

[3]. د.کەمال سەعدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 62.

ڕێکارەکانی دەرکردنی چاپەمەنییەکان و ڕۆژنامەکان لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش ئەمانەن [1] :

1. مەرجەکانی دەرکردنی ڕۆژنامە

دەرکردنی ڕۆژنامەکان و چاپەمەنییەکان و بڵاوکراوەکان پێویستیان بە کۆمەلێك ڕێکاری یاسایی کارگێری هەیە کە بە گوێرەی یاسادانانەکان جیاوازە. سیستەمە یاساییەکان مەرج و ڕێکارەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەکان دیاریدەکەن کە لەسەر بنەمای دوو سیستەمە کە ئەوانیش سیستەمی مۆڵەتی پێشوەختە کە بە سیستەمی وڵاتە نادیموکراسیەکان و وڵاتەکانی جیهانی سێیەم ناسراوە. هەروەها سیستەمی ڕێگریکردن کە ڕەنگدانەوەی سیستەمی سیاسی دیموکراسیە بۆ ڕێکارەکانی ڕێکخستنی دەرکردنی چاپەمەنییەکان، کە بە سیستەمی ئاگاکاری ناسراوە .

یەکەم: سیستەمی مۆڵەتی پێشوەختە یان خۆپارێزی (النظام الوقائي)

مەبەست لە سیستەمی خۆپارێزی ئەوەیە کە پێش دەرکردنی هەر بڵاوکراوەیەك پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکرێتەوە واتا مۆلەتی پێش وەختە وەربگردرێت بۆ دەرکردنی هەر بڵاوکراوەیەك، ئەو جۆرە سیستەمە لە بیروباوەڕی سیستەمی دەسەڵاتداری و سۆسیالیستییەکان سەریهەڵداوە کە ئازادی تاکە کەسی بە کۆمەلێك بەربەستی یاسایی سنوردار دەکات بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی گشتی و بەرژەوەندییە گشتیەکان . مۆڵەت وەرگرتن بە مانای ئەوە دێت کە هەر کەسێك بیەوێت ڕۆژنامەك دەربکات پێویستە سەرەتا ڕێگەپێدانی پێشەکی وەربگرێت[2] .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مۆڵەت بەشێکی بنەڕەتییە لە سیستمی خۆپارێزی کە دەوڵەت بۆ ڕێگاگرتن لەو زیانانەی ئەگەری ڕوودانیان لێ دەکرێ کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە لە کۆمەڵ دەکەوێ پەنای دەباتەبەر، سیستەمی مۆڵەتیش بریتییە لە ڕێگادانی کارگێری بە کەسێك یان چەند کەسانێکی دیاریکراو بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و چاپەمەنیی دەوری ئەگەر مەرجە یاساییەکانی تێدا بوو یان ڕەتکردنەوەی بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی [3] .

بە گوێرەی ئەو سیستەمە هیچ کەسێك ناتوانێت رۆژنامە بڵاوبکاتەوە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێش وەختە، جگە لە مەرجی دانانی کەسانێك کە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیارن لەو تاوانانەی کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەرییەوە ڕوودەدەن، هەروەها ناساندنی خاوەنی ڕۆژنامەکە و ڕوونی سەرچاوەی دارایی [4] .

کەواتە دەتوانرێت بوترێت بەگوێرەی تێروانینی پسپۆران و شارەزایانی بواری یاسایی ڕاگەیاندن سیستەمی خۆپارێزی یاخود مۆڵەتی پێشوەختە گوزارشت لە تێڕوانینی بەرتەسککەرەوەی ئازادییەکانە بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەکان دەکات، چونکە دەسەڵات و مەرجەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەکان بە دەستی دەسەڵاتەوەیە، بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن مۆڵەت بە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان بدەن ئەگەر بیانەوێت بە پێچەوانەوەش ئەگەر بیانەوێت ڕێگە پێدانی دەرکردنی ڕۆژنامەکە ڕەت بکەنەوە. مۆڵەتی پێشوەختە ڕێکارێکی توندی دەرکردنی ڕۆژنامەیە و زیاتر لەگەڵ سیستەمی دیکتاتۆری بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری دەگونجێت [5] . ئەم سیستەمە لەو وڵاتانەی کەوا بڕوایان بە مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت نییە، چەکێکی سیاسی دەخاتە ژێر

---

[1]. عبد الرحمان بن جيلالي، حرية إصدار الصحف بين التنظيم والتقييد (دراسة تحليلية نقدية في التشريعات الصحفية العربية)، مجلة دراسات في حقوق الانسان، العدد 1، 2020، ص 46.

[2]. ليلي عبدالمجيد، تشريعات الاعلام دراسة حالة مصر، العربي للنشر و التوزيع، القاهرة، مصر، 2010، ص 47.

[3]. د.کەمال سەعدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 75.

[4]. مجلة دراسات قانونية، فصلية تصدر عن قسم الدراسات القانونية ببيت الحكمة، بغداد، العدد 24، 2009، ص 82.

[5]. محمد الطيب عبد اللطيف، نظام الترخيص والأخطار في القانون المصري، دراسة مقارنة، مطبعة دار التأليف القاهرة ، 1957، ص 302.

دەستی حکوومەت بۆ بەرگریکردن دژ بە نەیارەکانی و بە هۆی ئەوەوە تەگەرە دەخاتە بەردەمی ئەو کەسانەی کە دەیانەێ ڕۆژنامە و چاپکراوی دەوری دەربکەن و شت بڵاوبکەنەوە کە لە بیروبۆچوون و بڕوادا جیاوازن لەگەڵ ئەو یان گومانی ئەوەیان لێ دەکات [1] .

سیستەمی مۆڵەت وەرگرتن دوو جۆری هەیە کە ئەمانەن :

یەکەم: مۆڵەتی سنووردار (الترخيص المقيد)

لەم جۆرە مۆڵەتە یاسادانەر لە یاساکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن کۆمەڵێك مەرجیان داناوە کە داواکاری مۆڵەت پێویستە جێبەجێیان بکات بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە پێدانی مۆڵەت بتوانێت مۆڵەتەکەیان پێبدات بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان وەك دەرکردنی ڕۆژنامە، هەر بۆیە سنوردارکردنێك هەیە بۆ ئەو لایەنەی مۆڵەت دەداتە داواکاری مۆڵەت، کەواتە بەبێ بوونی مەرجەکانی کە لە یاسا هاتووە ناتوانرێت مۆڵەت بدرێت [2] .

دووەم: مۆڵەتی سەرپشککراو (الترخيص التقديري)

ئەو جۆرە مۆڵەتە ئەو لایەنەی یان ئەو فەرمانگەی ئەرکی مۆڵەت پێدانی دراوەتێ بە داواکارانی دەرکردنی چاپەمەنی و ڕۆژنامە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە داواکاری مۆڵەت قبوول بکەن یاخود ڕەتبکەنەوە، لە ڕێگەی ئەو جۆرە مۆڵەت پراکتیزەکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری کەوتۆتە ژێر دەستی ئەو فەرمانگەی تایبەتە بە پێدانی مۆڵەت [3] .

دووەم: سیستەمی ئاگاداکردنەوە یان سزادان (النظام الجزائي).

بیرۆکەی ئەو سیستەمە یاساییە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی هزری دەسەڵاتی ئازادی و بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی کە بڵاوکراوەکان بە گوێرەی فەلسەفەی ئەو دوو دەسەڵاتە دەبێت لە پێناو خزمەتکردنی تاك بێت و ڕۆژنامەنوسانیش بە بەرپرسیارەتییەوە کاری ڕۆژنامەنوسی بکەن. ئەو جۆرە سیستەمە سیستەمی ئاگادارکردنەوە (الاخطار)ی پێدەوترێت، مەبەست لەو ئاگادارکردنەوەش ئەوەیە کە لایەنی پەیوەندیدار لە دەرکردنی هەر بڵاوکراوەیەکی نوێ ئاگادار بکرێتەوە. یاساناسان بەو جۆرە پێناسەی دەکەن کە سیستەمی ئاگادارکردنەوە بریتییە لە ڕێکارەکانی ئاگاردارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە هەر چالاکییەك و دەرکردنی هەر بڵاوکراوەیەك، لایەنی پەیوەندیدار ناتوانێت ڕێگر بێت لە هیچ کەسێك لە ئەنجامدانی ئەو ئازادییە [4] .

مەبەست لە ئاگادارکردنەوە ئەوەیە کە تەنها لایەنی کارگێری تایبەت بە دەرکردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان ئاگاداربکرێنەوە لە دەرکردنی ڕۆژنامە بەبێ چاوەڕێ کردنی مۆڵەت و ڕێگە پێدان [5] . کەواتە لەو جۆرە سیستەمە یاساییە بڵاوکراوەکان ناچار ناکرێن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پێش وەختە و هیچ سانسۆرێك و چاودێرێکی پێش وەخت و دواتری لەسەر نییە لە بڵاوکردنەوە جگە لەوەش بڵاوکراوەکان و ڕۆژنامەکان گەرەنتی پاراستنیان هەیە لە کاتی پراکتیزەکردنی پیشەی ڕۆژنامەوانی، بەڵام

---

[1]. د.کەمال سەعدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 91 .

[2]. عبد الحميم موساوي، المركز القانوني للاعلاميين بين القانون الدولي و التشريعات الوطنية، أطروحة لنيل شهادة الدكتوراه في القانون، كمية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة أبو بكر بمقايد، تممسان، سنة ،2017 ، ص 333.

[3]. محمد هاملي، اليات ارساء دولة القانون في الجزائر، أطروحة لنيل شهادة الدكتوراه في القانون، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة أبو بكر بلقايد، 2012، ص 379.

[4]. محمد عمر حسين، حرية الصحافة في مصر و دور القضاء في حمايتها، كلية الحقوق، جامعة القاهرة، صر، 1999، ص 54.

[5]. ليلى عبد المجيد، مصدر السابق، ص 47.

**بەرپرسیارەتی یاسایی لە ئەستۆی رۆژنامەنووسانە و ئەو بەرپرسیارەتییەش لە سنووری ئەو یاسایانەیە کە تایبەتن بە ڕاگەیاندن [1] . کەواتە لە کاتی ئەنجامدانی هەر پێشێلکارییەك کە سنووری یاسا ببەزێنێت ئەوا بڵاوکراوەکان رووبەرووی سزای یاسایی دەبنەوە. سیستەمی ئاگادارکردنەوە گرنگی زۆری هەیە بۆ پاراستنی ئازادی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان و بە سیمای دیموکراسی دادەنرێت، هەروەها کەمتر مەترسی هەیە لەسەر سنووردارکردنی ئازادییەکان لە چاو سیستەمی مۆڵەت وەرگرتنی پێشوەخت، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز بوو کە وایکرد ئەنجوومەنی دەستووری فەرەنسی رێگە لە یاسادانەران بگرن لە دانانی سیستەمی خۆپارێزی یان مۆڵەتی پێشەکی لە یاسادانانی ئازادی دامەزراندنی رێکخراوەکان و حزبەکان و دەرکردنی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان [2] .**

**2. ئەو کەسانەی مافی دەرکردنی ڕۆژنامەیان هەیە.**

**مافی ئازادی دەرکردن و خاوندارێتی بڵاوکراوەکان و رۆژنامەکان بە یەکێك لە بنەماکانی ئازادی راگەیاندن دادەنرێت، یاساکانی تایبەت بە مافی خاوەندارێتی راگەیاندن و رێکخستنیان جێگەی باس و گرنگی دامەزراوەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و هەرێمییەکانی تایبەت بە راگەیاندنە. هەندێك لە وڵاتانی جیهان مافی خاوەندارێتی دەرکردنی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانیان تەنها بە کەسانێکی دیاریکراو داوە وەك پارتە سیاسیەکان و کەسایەتییەکان (گشتی و تایبەتەکان). وەك لە یاسای رێکخستنی رۆژنامەگەری ژمارە (96) ی سالی (1996)ی میسری لە ماددەی (45) بە روونی ئاماژەی بە مافی خاوەنداریەتی و دەرکردنی رۆژنامە و بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان داوە تەنها بۆ کەسانێکی دیاریکراو، کە لەماددەکە هاتووە: ((ئازادی دەرکردنی رۆژنامەوانی بۆ پارتە سیاسیەکان و کەسانی مەعنەویی گشتی و تایبەت (الاشخاص الاعتبارية العامة و الخاصة)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە یاسایی رۆژنامەگەری مسیری مافی دەرکردنی رۆژنامەی بە هەموو کەسێك نەداوە [3] . بەڵام لە یاسای رێکخستنی رۆژنامەگەری و راگەیاندن و رێسای ئەنجوومەنی باڵای راگەیاندن ژمارە (180)ی ساڵی (2018) ی میسری لە ماددەی (33)ی دا هاتووە کە مافی خاوەنداریەتی دەزگاکانی رۆژنامەگەری مافی هەموو کەسێکە [4] .**

**هەروەها وڵاتی فەرەنسا مافی خاوەنداریەتی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی بە هەموو کەسێکداوە بەبێ سەیرکردنی پێگەی کەسەکان، هەروەها هیچ جیاوازییەکی نەکردوە لە نێوان ئەو کەسانەی پێگەیەکی دیاریان هەیە لەگەڵ کەسانی ئاسایی،ئەو سیستەمەش زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا پەیرەو دەکرێت[5] .**

**هەندێك لە یاسا تایبەتەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهان چەند مەرجێکیان داناوە بۆ مافی خاوەنداریەتی دەرکردنی رۆژنامە و چاپەمەنییەکان وەك مەرجی ڕەگەزنامە واتا دەبێت ئەو کەسانەی مافی دەرکردنی رۆژنامەیان پێدەدرێت هاوڵاتی رەسەنی ئەو وڵاتە بن. ئەو وڵاتەی مەرجی ڕەگەزنامەی داناوە بۆ خاوەنی رۆژنامە و بڵاوکراوەکان وەك جەزائیر کە لە یاسای تایبەت بە راگەیاندندا هاتووە ئەو کەسە کە مافی وەرگرتنی خاوەندارییەتی رۆژنامە و چاپەمەنییەکانی هەیە دەبێت هاوڵاتی جەزائیر بێت و خاوەنی ڕەگەزنامەی جەزائیر بێت، هەروەها مۆڵەت نادات بە خەلکی بیانی لەخاوەنداریەتی دەرکردنی**

---

**[1]. رشا خليل، حرية الصحافة و تنظيمها و ضماناتها، أطروحة لنيل شهادة الدكتوراه، كلية الحقوق جامعة النهرين، 2007، ص 20-22.**

**[2]. عبد الحليم موساوي، المركز القانوني للاعلامين بين القانون الدولي و التشريعات الوطنية، أطروحة لنيل شهادة الدكتورا في القانون، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة أبو بكر بلقايد، تلمسان، 2017، ص 338.**

**[3]. ماجد راغب الحلو، حرية الاعلام و القانون، منشأة المعارف، الاسكندرية، مصر، 2006، ص 191.**

**[4]. قانون تنظيم الصحافة والإعلام والمجلس الأعلى لتنظيم الإعلام المصرى رقم 180 لسنة 2018.**

**[5]. ناهس العنزي، الجرائم الصحفية و الاسرار التحريرية، دراسة تحليلية مقارنة لقوانين المطبوعات و النشر الخليجية و العربية و الاجنبية، طبعة الاول، دولة الكويت، 2011، ص 143.**

**چاپەمەنییەکان بکەن[1]. پێنەدانی مافی خاوەنداریەتی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە کەسانی بیانی لە جەزائیر بە هۆی ئەوەیە کە ڕۆژنامەکان و ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگی و ستراتیژییەتی کۆمەڵگەیە و پراکتیزەکردنی ڕۆژنامەوانی لەبەر ڕۆشنایی ڕێزگرتن لە دەستوور و یاساکان و ئاینیی ئیسلام و شوناس و سەروەریی نەتەوەیی و داواکارییەکانی ئاسایشی گشتی [2] .**

**لە یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی (2007)، لە ماددەی دووەم لە بڕگەی یەکەم و چوارەم ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوە و خاوەنداریەتی ئاماژە پێکراوە، لە بڕگەی یەکەم هاتووە: "ڕۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەرنییە و ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەرە، لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیی ژیانیان بە پێی یاساو پابەن بوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەری بە پێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان (ساڵی 1954 هەموارکراو)" [3]، هەروەها لە بڕگەی چوارەم هاتووە: "هەر کەسێکی سروشتی یا مەعنەوی مافی خاوەندارێتیی ڕۆژنامەی هەیە و دەتوانێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەری بکا"[4]. بە گوێرەی یاسایی ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان هیچ مەرجێك بۆ خاوەندارێتی دانەنراوە.**

**باسی دووەم: ڕێکارەکان و سیستەمی دەرکردنی ڕۆژنامە و چاپەمەنییە دەورییەکان لە وڵاتانی جیهان**

**هەر وڵاتێك بە گوێرەی هەڵومەرج و تایبەتمەندی خۆی مەرج و سیستەمی دەرکردنی بڵاوکراوە خولییەکان داناوە، کە ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن:**

**ڕێکارەکان و سیستەمی دەرکردنی ڕۆژنامە لە ووڵاتی بەریتانیا بە شێوەیەکی جیاوازە لە وڵاتانی تر، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان پێویستی بە مۆڵەتی پێشوەختە نییە، تەنها پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدارە، وڵاتی بەریتانیا مەرجێکی داناوە لە کاتی دەرکردنی هەر بڵاوکراوەیەك ئەویش مەرجی (تۆمارکردن)ە لە نووسینگەی تۆماری کۆمپانیاکان، هەر چاپەمەنییەك وەك ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پابەند نەبن بە مەرجی تۆمارکردن سزا دەدرێن بە گوێرەی بڕگەی (10) ی یاسای ساڵی (1881). ئەو شێوازەی ڕێکخستنی دەرکردنی چاپەمەنییەکان و ڕۆژنامەکان شێوازی "تۆمارکردنی ناو"یشی پێدەوترێت، کە بۆ یەکەمجار لە بەریتانیا خرایە بواری جێبەجێکردن بە پشتبەستن بە (یاسای تۆماری ناوی بڵاوکراوە هەواڵییەکان)، تا ئێستاش لە بەریتانیا کاری پێدەکرێت [5] .**

**ئامانج لە تۆمارکردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە بەریتانیا ئەوەیە کە نووسینگەی تۆمارکردن زانیاریان هەبێت لەسەر کەسێك کە لە رووی یاساییەوە بەرپرسیار دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی هەر پێشێلکارییەك لەلایەن ڕۆژنامەکە و ستافەکەی، ئەوەش لە ڕێگەی پێدانی داتا و زانیاری لەسەر ئەو کەسەی کە بەرپرسیارەتی هەڵدەگرێت بەرامبەر بە یاسا [6] .**

**هەندێك ولات هەردوو سیستەمیان بەکارهێناوە وەك فەرەنسا، دەرکردنی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان لە فەرەنسا بە هەردوو سیستەمی ئاگادارکردنەو و مۆڵەت وەرگرتنە، لە یاسای ڕۆژنامەگەریی فەرەنسی هەموارکراوی ساڵی(1881) دا بە شێوەیەکی روون ئاماژەی بە ئازادی دەرکردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان کردووە بە جۆرێك کە دەرکردنی ڕۆژنامە و چاپەمەنی بۆ هاووڵاتی فەرەنسی تەنیا پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار هەیە. یاسادانەری فەرەنسی بە**

---

**[1]. المادة 4 من قانون الاعلام رقم 21-5 لسنة 1980، الجزائر.**

**[2]. المادة 2 من قانون الاعلام رقم 21-5 لسنة 1980، الجزائر**

**[3]. یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007.**

**[4]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**[5].د.کارزان محەمەد، ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2013، ل 34.**

**[6]. عصمت عبدالله الشیخ، النظام القانوني لحرية اصدار الصحف، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر، 1999، ص53.**

ڕاشکاوی لە ماددەی پێنجەمی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35) ساڵی (2007) سیستەمی ئاگاکاری (ئاگادارکردنەوە)ی پەسندکردووە و دووپاتی کردۆتەوە کە دەکرێ ڕۆژنامە یان هەر چاپکراوێکی دەوری بەبێ مۆڵەتی پێشەکی بڵاوبکرێتەوە[1] . بەڵام لە هەمان یاسای ڕۆژنامەگەری فەرەنسی یاسادانەران جیاوازیان کردووە لە نێوان هاوڵاتی فەرەنسی و هاوڵاتی بیانی لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان بە شێوەیەك کە دەرکردنی رۆژنامە بۆ کەسانی بیانی پێویستی بە مۆڵەتی پێشوەختە هەیە. دەرکردنی ڕۆژنامەی بیانی کە بە زمانی بیانی لە فەرەنسا دەربچێت بە پێی حوکمی ماددەی چوارەمی یاسای ڕۆژنامەگەری فەرەنسی دەبێ مۆڵەتی پێشەکی وەربگیرێت [2] .

هەروەها وڵاتی جەزائیر بەهەمان شێوەی سیستەمی ئاگادارکردنەوە وەك ڕێکارێکی یاسایی پەیرەو دەکەن بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان لە ژێر ناوی ڕێگەپێدان (تصريح) کە لە یاسای ڕاگەیاندنی ساڵی (1990) لە ماددەی (14)دا هاتووە "دەرکردنی بڵاوکراوە دەورییەکان ئازادانەیە، بەڵام بە مەرجێك بۆ تۆمارکردن پێویستە داواکارییەك پێشکەش بکرێت لە ماوەی کەمتر نەبێت لە 30 رۆژ دوای دەرکردنی ژمارەی یەکەمی رۆژنامەکە [3] .

هەروەها وڵاتی مەغریب بەهەمان شێوەی وڵاتانی دیموکراسی کار بە سیستەمی ئاگادارکردنەوە دەکات بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان و چاپەمەنییەکانی تر، کە لە یاسایی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی ژمارە (77.00) ساڵی (1958) بە روونی ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە هەر بڵاوکراوەیەکی دەوری لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە یان هەر بڵاوکراوەیەکی تر [4].

کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ولاتانی جەزائیر و مەغریب سیستەمی وڵاتە دیموکراسییەکانی رۆژئاوا پەیرەو دەکەن لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان کە ئەویش سیستەمی ئاگادارکردنەوەیە بە پێچەوانەی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە سیستەمی مۆڵەت وەرگرتن پەیرەو دەکەن. هەروەها لە ئەنجامی لێکۆلینەوەکان بۆمان دەرکەوت کە وڵاتانی جەزائیر و مەغریب لە پەیرەوکردنی سیستەمی ئاگادارکردنەوە لەسەر سیستەمی وڵاتی فەرەنسان.

هەر وەك ئاماژەمان پێکرد کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و عێراقیش بە سیستەمی مۆڵەتی پێشەکی کاردەکەن کەواتە پێش دەرکردنی هەر بڵاوکراوەیەکی نوێ پێویستە خاوەن بڵاوکراوەکە مۆڵەتی پێشوەخت وەربگرێت. هەروەها ئەو سیستەمە سیستەمی سانسۆر و چاودێری پێشوەختەشی پێدەوترێت. دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتیش لە دەستی دەسەڵاتدارانە وەك بەڕێوەبەری چاپکراوەکان یان وەزیر لە وەزارەتی رۆشەنبیری و لاوان یان وەزیر لە وەزارەتی ڕاگەیاندن یان ئەنجوومەنی وەزیران یان سەرۆکی کۆمار.

لە یاسای چاپەمەنی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ژمارە (15)ی سالی (1980)دا دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشەکی قەدەغەیە. لە ماددەی 24ی ئەو یاساییەدا هاتوو نابێت هیچ ڕۆژنامەیەك دەربکرێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لەسەر بنەماکانی یاسا [5] . هەروەها وڵاتانی کوێت و یەمەن و شانشینی عەرەبستانی سعودیە، ئوردن و سوريا و تونس سیستەمی مۆڵەتی پێشەکی پەیرەو دەکەن بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان کە بە شێوەیەکی روون لە یاساکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ئاماژە بە سیستەمی مۆڵەت دەکەن .

---

[1]. د.کەمال سەعدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 67 .

[2] .سەرچاوەی پێشوو، ل 78.

[3]. عبد الرحمان بن جيلالي، مصدر السابق، ص 48.

[4]. الفصل الخامس/ قانون الصحافة و النشر/ المملكة المغربية لسنة 1958.

[5]. المادة 24 من قانون المطبوعات الاماراتي رقم 15 لسنة 1980.

هەروەها عێراقیش بە هەمان شێوەی وڵاتانی عەرەبی کار بە سیستەمی مۆڵەتی پێشەکی دەکات بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان. "لە دەقی ماددەی (4) بڕگەی (أ)ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (206)ی ساڵی (1968) هاتووە: ((داواکاری مۆڵەت بەم زانیارییانەی خوارەوە پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت...))، هەروەها لە ماددەی 7 دەقنووسی کردووە: (( وەزیر بۆی هەیە لە ماوەی یەك مانگ لە ڕۆژی تۆمارکردنییەوە مۆڵەتی چاپراوەکە بدات یان داواکارییەکە ڕەت بکاتەوە))، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەقە یاساییانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە یاسادانەری عێراقی لە جیاتی سیستەمی ئاگاکاری کاری بە سیستەمی مۆڵەتی پێشەکی کردووە و دەسەڵاتیشی داوەتە وەزیری ڕاگەیاندن بۆ ڕەتکردنەوەی هەر داوایەك ئەگەر مەرجەکانی ئەم یاسایەی تێدا نەبوو" [1] .

بە پێچەوانەی عێراق، هەرێمی کوردستان لە یاسایی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەری بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی هیچ بەربەستێك و سانسۆرێکی پێشەکی دانەناوە. ئەمەش لە یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی (2007)بە روونی ئاماژە پێکراوە. لە ماددەی دووەم/ بڕگەی یەکەمی یاسای ناوبراودا هاتووە: ((ڕۆژنامەگەری ئازادە و هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە و ئازادی دەربرین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاوڵاتیان دەستەبەرە، لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیی ژیانیان بەپێی یاساو پابەندبوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەری بە پێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنوسان ساڵی(1945) هەموارکراو))[2] . بە گوێرەی ئەو ماددەی سەرەوە کە لە یاساکەدا هاتووە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە ئازادە و پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتنی پێشەکی نییە. هەروەها جارێکیتر جەختیکردووتەوە لەسەر پەسندکردنی سیستەمی ئاگادارکردنەوە بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان ئەویش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنێك لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم کە لە بەشی دووەم/ ماددەی سێیەم/ بڕگەی یەکەمی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی 2007 دا ئاماژەی پێکراوە و دەقەکەی بەو شێوەیە هاتووە: ((خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی ڕاگەیاندنێك لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کە ناو و نازناو و ڕەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبونی خاوەن ئیمتیاز یاخود، دامەزرێنەر و ناوی ڕۆژنامەکە و ئەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ ناوی سەرنووسەر و ماوەی دەرچوونی تێدا بنووسرێ، ڕاگەیاندنەگەش بە بەیانی دەرکردنی ڕۆژنامەکە دادەنرێ)) [3] . کەواتە هەرێمی کوردستان وەکو وڵاتە دیموکراسییەکانی رۆژئاوا و هەندێك وڵاتی عەرەبی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازادانەی بۆ ڕێکخستنی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان پەیرەو دەکات .

باسی سێیەم: ڕێکخستنی یاسایی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی (ناوەڕۆکی پەیامەکان) .

یاسادانانی تایبەت بە ڕێکخستنی بواری ڕاگەیاندن بە بڕگەی ڕوون بەرپەرچدانەوەی ئەو بابەتانەی تێدا ئاماژە پێکردووە کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان دوور بکەونەوە لە بڵاوکردنەوەیان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی. ئەو ڕۆژنامەنوس و دەزگا میدیایانەش کە لە ڕێساکانی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان لادەدەن ڕووبەڕوی سزادانی یاسایی دەبنەوە.

زۆربەی یاسادانانی بواری میدیا لەسەرتاسەری جیهان هاوبەشن لەسەر چەند بابەتێکی گرنگ کە پێویستە لەبەرچاوبگردرێت لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران. یاساکانی ڕاگەیاندن لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لیستێکی بابەتە قەدەغەکراوەکانیان هەیە کە ڕۆژنامەنوسان نابێت لە بارەیانەوەی بابەت بنووسن و بڵاوبکەنەوە بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە

---

[1]. د.کەمال سەعدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 70.

[2]. یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007.

[3]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**زیان بە ئابووری وڵات دەگەیێنی یان ئەو بابەتانەی کە ئاسایشی گشتی تێکدەدات، ئەمەش وایکردووە ڕۆژنامەنوسان بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشە زیاتر خۆیان سانسۆر بکەن و دور بکەونەوە لەو بابەتانە [1] .**

**لە یاسای ڕۆژنامەگەریی فەرەنسی هەموارکراوی ساڵی (1881) لە چەند ماددەیەك ئاماژە بەو بابەتانە دەکات کە بڵاوکردنەوەیان قەدەغەکراوە، وەك لە ماددەی (٢٧)دا هاتووە کە ئەو بابەتانەی دەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی بابەتی نادروست کە دەبێتە هۆی تێکدانی سەقامیگیری گشتی و زیانگەیاندن بە بەژرەوەندی گشتی نیشتمانی و هێزەکانی سەربازی نیشتمانی. هەروەها لە ماددەی (24) دا هاتووە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە دەبێتە هۆی دانپێنەدان بە تاوانەکانی جینوساید و هەندێك لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، جگە لەوانە لە ماددەکانی (29 تا 35) باس لەو بابەتە قەدەغەکراوانە دەکات کە دەبنە هۆی ناوزڕاندن[2].**

**هەروەها ئەو بابەتانەی کە ڕێگەپێدراو نییە بۆ بڵاوکردنەوە کە ئەمانەی خوارەوە ئەو بابەتانەن کە لە یاسادانانی ڕاگەیاندن ئاماژە پێکراون:**

1. **ڕێزگرتن لە یاسا و دەستور.**
2. **ڕێزگرتن لە سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی.**
3. **دەستنەبردن بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی.**
4. **دەستنەبردن بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە بیروباوەری ئاینی.**
5. **دەستنەبردن بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە شکۆ و پیرۆزیەکانی تاك.**
6. **دەستنەبردن بۆ شێواندنی رایکردنی دادگا.**

**بە هەمان شێوەی یاساکانی وڵاتانی جیهان یاسای ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستانیش ئەو بنەمایانەی تێدایە کە پێویستە ڕۆژنامەنوسان لە کاتی ئامادەکردنی ناوەرۆکی میدیایی ڕەچاوی بکەن. لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە (35) ی ڕۆژنامەگەریدا چەند بابەتێك ئاماژەی پێکراوە کە پێویستە ڕۆژنامەنوسان بە دوور بن لە بڵاوکردنەوەی بابەت لەبارەیانەوە، و نابێت ناوەرۆکی پەیامەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتانەبێت و لە حاڵەتی پابەندنەبون بەو خاڵانەی کە لەو ماددەیە هاتووە ئەوا ڕۆژنامەنوسان ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە ئەویش پێبژاردنە بە برێك پارە کە لە (1,000,000) دنیاری عێراقی کەمتر نەبێت و لە (5,000,000) دنیاری عێراقی زیاتر نەبێت [3] .**

**ئەو بابەتە قەدەغەکراوانەی کە لە یاسای ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستاندا هاتووە، ئەمانەن [4] :**

1. **چاندنی تۆی ڕق و کینە و لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ.**
2. **سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕەو ڕێ و ڕەسمە ئایینییەکان.**
3. **سوکایەتیکردن بە سیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئایینزایەك و لەکەدارکردنیان.**
4. **هەر بابەتێك پەیوەندی بە نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ، هەر چەندە راستیش بێ، بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەداربوونی.**

---

**[1]. حسني محمد نصر، لمزيد من الحريات أم لمزيد من السيطرة :قوانين الصحافة والمطبوعات والنشر العربية الجديدة في الزمن الرقمي، جامعة السلطان قابوس، مسقط، عمان، 2021 ،ص2.**

**[2] . Craufurd-Smith, R 2019, 'Fake news, French law and democratic legitimacy: Lessons for the United Kingdom?', Journal of Media Law, vol. 11, no. 1,p3. https://doi.org/10.1080/17577632.2019.1679424**

**[3]. یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007.**

**[4]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

5. **جنێودان و توانجی نارەواو ناوزراندن.**
6. **هەر بابەتێك زیان بە ڕێکاری لێکۆلینەوە و دادوەری بگەیەنێ تەنیا مەگەر دادگا ڕێگای بە بڵاوکردنەوەی دابێ.**
7. **پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی بەڵێننامەی (میثاق شرف)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان ساڵی (1954)ی هەموارکراو[1] .**

**جگە لە یاسای (35)ی ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان کە بە چەندین خاڵ ئاماژەی بەو بابەتانە کردووە کە بڵاوکردنەوەیەیان ڕێگە پێدراو نییە، لە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (11)ی ساڵی (2013)، لە ماددەی (14)و برگەی دووەمدا هاتووە کە دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان مافی ڕەتکردنەوەی پێدانی زانیاریان هەیە لە کاتی داواکردنی زانیاری لە چەند بابەتێکی دیاریکراو کە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگە و تێکدانی ئاسایشی گشتی. کە دەقی ماددەکە بەم شێوەییە: (دامەزراوەی گشتی یان تایبەت مافی هەیە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا داوای پێدانی زانیاری رەتبکاتەوە[2] :**

1. **ئەو نهێنییانەی تایبەتن بە بەرگری و ئاسایشی هەرێم (وردەکارییەکانی چەك و کەلوپەلە سەربازییەکان، ئەرکی سەربازی و ئاسایشییە نهێنییەکان، جووڵە و تاکتیکەکانی بەرگری و زانیارییە هەواڵگرییەکان) .**
2. **ئەو زانیارییانەی ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی کارکردنە سەر رەوتی ئەو دانوستانانەی هەرێم لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکەدا سەرقاڵیانە، یاخود ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری ئەگەر هەردوولا لەسەر نهێنی هێشتنەوەی ڕێککەوتبوون تا ساتی ڕاگەیاندنی .**
3. **ئەو زانیارییانەی ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی کارکردنە سەر رەوتی لێکۆڵینەوە یاساییەکان و دادگاییکردن .**
4. **ئەو زانیارییانەی ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی لاسەنگکردنی کێبرکێی رەوا یان مافەکانی دانەر و موڵکییەتی هزری .**
5. **زانیاری و دۆسیەی کەسانی ناوەندەکانی خوێندن، یان پزیشکی یاخود وەزیفی یان حیساباتە بانکیەکانی یاخود نهێنیە پیشەییەکانی بێ رەزامەندی خۆی، هەروەها هەر شتێك پەیوەندی بە سەلامەتی و تەندروستی هاوڵاتی و توشی مەترسیکردنیەوە هەبێت .**
6. **ئەو داتایانە ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی بەزاندنی تۆرە ئەلیکترۆنییە پارێزاوەکان و ناوەرۆکەکانیشیان دوچاری سڕینەوە یان دزین دەکات .**

**لەو خاڵانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکردوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەرۆکی پەیامەکانی میدیا ڕێکخستنیان بۆ کراوە لە یاساکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێك کە لە یاسای ڕۆژنامەگەری ئەرك و بەرپرسیارەتی دراوەتە ڕۆژنامەنوسان لە بڵاونەکردنەوە و دەست نەبردن بۆ هەندێ بابەت کە بڵاوکردنەوەیان دەبێتە هۆی پێشێلکاریی بەرامبەر تاك و کۆمەڵگە، لەلایەکیتر لە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە (11)ی ساڵی (2013) لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە لایەنی پەیوەندیدار بە پێدانی زانیاری ئەرك و بەرپرسیارەتی رەتکردنەوەی پێدانی زانیاریان دەکەوێتە ئەستۆ لەو بابەتانەی کە بڵاوکردنەوەیان قەدەغەکراوە .**

---

**[1]. فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IFJ)- International federation of Journalists گەورەترین ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی جیهانە، کە نوێنەرایەتی 600 هەزار ڕۆژنامەنووس دەکات لە 187 سەندیکا و کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان و 140 وڵات. سەرچاوە پێگەی فەرمی ڕێکخراوی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان: www.ifj.org**

**[2]. ئەرشەد شوانی، سەلامەتی پیشەیی ڕۆژنامەوان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ماد، هەولێر، 2020، ل208.**

ئەو خاڵانەی کە باسکراون لە هەردوو یاساکە گرنگ و پێویستن بۆ پاراستنی مافی تاك و کۆمەڵگە لەلایەك، و لەلایەکیتر پراکتیزەکردنی پیشەی رۆژنامەگەریی لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیەوە، بەڵام بە هۆی بوونی هەندێك بۆشایی یاسایی و ناروونی و هەڵگرتنی زیاتر لە یەك مانا لە دارشتنەوەی مادده و بڕگەکان بۆتە هۆی ئەوەی بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکانی رۆژنامەگەریی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان دادوەر بگەرێتەوە بۆ سەر یاسایتر بە تایبەت یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2008) قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی سزادانی عێراقی. هەندێك لەو دەستەواژانە لە بڕگەکانی تایبەت بە رێکخستنی ناوەرۆکی میدیایی و ئەو بابەتانەی کە بڵاوکردنەوەیان پێشێلکارییە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە لەوانە پێشێلکردنی ئادابی گشتی، ناوزراندن، زیانگەیاندن بە ئاسایشی نیشتمانی پێناسە و روونکردنەوەیان بۆ نەکراوە، ئەمەش وا دەکات دادگا پەنا بۆ یاساییتر ببات بۆ روونکردنەوەی ئەو دەستەواژانە.

**ئەنجامەکانی توێژینەوە:**

1. رێکخستنی یاسایی بۆ مافی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەگەریی بە گوێرەی سیستەمی سیاسی وڵاتان جیاوازن، لە وڵاتە دیموکراسییەکان دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە پێویستی بە مۆڵەتی پێشوەخت نییە و تەنها پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار هەیە، بەڵام لە وڵاتە نادیموکراسییەکان دەرکردنی رۆژنامە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەخت قەدەغەیە و بە سەرپێچکردنی یاسا دادەنرێت. لە هەرێمی کوردستاندا بە گوێرەی یاسایی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەری دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی هیچ بەربەستێك و سانسۆرێکی پێشەکی بۆ دانەنراوە. کەواتە هەرێمی کوردستان وەکو وڵاتە دیموکراسییەکان و هەندێك وڵاتی عەرەبی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازادانەی بۆ رێکخستنی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان پەیرەو دەکات .
2. سیستەمی خاوەندارێتی چاپەمەنییەکان لە هەندێك وڵات مەرجدارە و لە هەندێك وڵاتیتر ئەو مافە بە هەموو هاوڵاتییەك دراوە، مافی خاوەندارێتی چاپەمەنییەکان لە یاسای تایبەت بە رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان بە هەموو هاوڵاتێك دراوە.
3. لە رووی رێکخستنی ناوەرۆکەوە، زۆربەی یاساکانی وڵاتان قەدەغەی بڵاوکردنەوەیان لەسەر کۆمەلێك بابەتی گرنگ داناوە، لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کۆمەلێك بۆشایی یاسایی هەیە و هەروەها کێشە لە دارشتنەوەی ئەو بابەتانەیە کە بڵاوکردنەوەیان قەدەغەیە و پێناسە و روونکردنەوەی وورد بۆ دەستەواژەکان نەکراوە، ئەمەش وایکردووە هەندێکجار دادگا پەنا بۆ یاساییتر ببات.
4. بە گوێرەی ووردبوونەوە و تێبینیکردن بۆ یاساکانی بواری ڕاگەیاندن کە بەشی زۆریان لەسەر هەمان ناوەرۆکی میدیایی کۆکن ئەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پراکتیکی رۆژنامەوانی بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێت لەسەر بنەمای رێزگرتن و پاراستنی ئاسایشی گشتی و کۆمەڵگە و تایبەتمەندی تاکەکان رووداو و بابەتە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگە گەلاڵە بکرێت، بە پێچەوانەوە سووکایەتی و ناوزراندن و شێواندنی شیرازەی کۆمەڵگە و بێ رێزی کردن بەرامبەر پیرۆزییەکان لادانە لە یاسا و رێنماییەکانی رێکخستنی راگەیاندن و پێشێلکارییە بەرامبەر بە تاك و کۆمەڵگە.
5. لەگەڵ ئەوەی کە یاساکانی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان بۆشایی یاسایی تێدایە، بەڵام لە زۆر لایەنیش هەوڵدراوە لەسەر بنەما ستاندارتە نێودەوڵەتییەکان بێت و نزیك بێت لە یاسایی وڵاتە دیموکراسییەکان.

6. بۆ ئەوەی یاساکانی ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان کاریگەریی ئەرێنی هەبێت لەسەر ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەریی پێویستە میدیای چاپکراو پابەندبن بە دەق و ماددەکانی ئەم یاسایانە لەلایەك و لەلایەکیتر بۆ یەکلاکردنەوەی پێشێلکارییەکانی ڕۆژنامەگەریی پێویستە دادگاکان یاساکانی ڕۆژنامەگەریی جێبەجێ بکەن.

**ڕاسپاردەکان:**

1. هەموارکردنەوەی ئەو برگە و ماددانەی ناروونن لە یاساکانی ڕۆژنامەگەریی و پێناسەکردنی دەستەواژەکان بەشێوەیەکی روون بۆ ئەوەی هەڵگری مانای جیاواز نەبن و راڤەی جۆراوجۆریان بۆ نەکرێت.
2. هۆشیارکردنی ڕاگەیاندنکاران بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و یاسا تایبەتەکانی تایبەت بە پراکتیزەکردنی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە پێناو ئاشنا بوونیان بە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانیان لەلایەك و لە لایەکیتر تا بتوانن بەرگری لە ئازادی و مافەکانیان بکەن، چونکە پیشەی ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕۆژنامەگەری بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بە تاك و کۆمەڵگە .
3. ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر تایبەت بە یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ زیاتر ئاشناکردن و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان بە بنەما و تایبەتمەندنی یاسای ڕاگەیاندن .

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1. ئەرشەد شوانی، سەلامەتی پیشەیی ڕۆژنامەوان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ماد، هەولێر، 2020.
2. نوری بێخالی، راگەیاندن و کاری رۆژنامەگەری، چاپی یەکەم ، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، 2006.
3. مەجید سالح، بنەما تیۆرییەکانی رای گشتی و راگەیاندن، سلێمانی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی مەکتەبی بیروهۆشیاری، 2006 .
4. مەم بورهان قانع، ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستاندا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رازا، سلێمانی، 2001.
5. د.سامان فەوزی، هێڵە یاساییەکانی کاری رۆژنامەوانی، چاپی یەکەم ، سلێمانی، 2011.
6. د.سامان جەلال، هونەرەکانی رۆژنامەوانی تەلەفزیۆن.. رادیۆ..رۆژنامە..گۆڤار..میدیای ئەلیکترۆنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2018 .
7. د.کەمال سەعدی، یاسای دەستووری، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، چاپخانەی تاران، 2023.
8. د.کەمال سەعدی، چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2006.
9. د.کارزان محەمەد، ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2013.
10. کەمال فاروق، محەمەد عەبدوڵڵا، دەروونناسی میدیایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2013.
11. پاڤێ جەمیل ئەحمەد، رۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و پەیوەندی بەشڵەژانەکانی دەروونی دوای هێدمە لای ئاوارەکان، سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٣)، 2018.
12. هاوژین عومەر، ئێتیکی کاری رۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2012 .

13. هەڤال ئەبوبەکر، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی و ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی، 2002.
14. د.حبیب کەرکوکی، پێشەکیەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم ،چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008.
15. عادل مەلا سالح، ئازادی ڕاگەیاندن لە یاسادا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2020.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

16. أسماء حفناوي، مقياس التشريعات الاعلامية، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر، 2011.
17. ابراهيم الدقوقي، حرية الاعلام الدساتير العراقية، انقرة، 1975.
18. أمين رضا عبدالواجد، الصحافة اليكترونية، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، 2007.
19. بسام عبد الرحمن المشاقبة، فلسفة التشريعات الاعلامية، دار اسامة، عمان الاردن، 2012 .
20. جميلة الشربجي، التشريعات الاعلامية، 2022.
https://arab-ency.com.sy/law/details/26120/2
21. حسن عماد مكاوي، أخلاقيات العمل الاعلامي، ط4، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة،2006.
22. حكيمة جاب الله، اشكاليات السياسات الاعلامية و أطرها النظرية، جامعة الجزائر، 2015.
23. حياة ابراهيمي، كريم بلقاسي، التنظيم السمعي البصري في الجزائر- دراسة تحليلية لقانون السمعي البصري 2014، مجلة الاتصال و الصحافة، العدد 1، 2020.
24. حجام الجمعي، التشريعات الاعلامية و اخلاقيات المهنة الصحفية، 2020.
25. حسني محمد نصر، لمزيد من الحريات أم لمزيد من السيطرة :قوانين الصحافة والمطبوعات والنشر العربية الجديدة في الزمن الرقمي، جامعة السلطان قابوس، مسقط، عمان، 2021 ،ص2.
26. دانة العتوم، ما هي خصائص و مميزات التشريعات الاعلامية؟، https://e3arabi.com/media.2020
27. رشيد خضير، حرية اصدار الصحافة المكتوبة في التشريع الجزائري الفرق بين قانوني الاعلام (12-5، 90-7)، جامعة الوادي، 2017 .
28. رشا خليل، حرية الصحافة و تنظيمها و ضماناتها، أطروحة لنيل شهادة الدكتوراه، كلية الحقوق جامعة النهرين، 2007 .
29. عبد الرزاق محمد الدليمي، إشكاليات الإعلام والاتصال في العالم الثالث، مكتبة الرائد العلمية، طبعة 1، عمان، 2004 .
30. علي قسايسية، التوجهات الجديدة في التشريعات الاعلامية الحديثة، الرابطة العربية للبحث العلمي و علوم الاتصال، العدد 2، بيروت، لبنان، 2011.
31. عثمان ياسين علي، قوانين الصحافة و النشر في اقليم كوردستان و العراق و الدول العربية، مطبعة روزهةلات، اربيل، 2011.
32. عزوق الخير، مكانة قانون الاعلام و علاقتة بفروع القوانين الاخري، مجلة العلوم الانسانية، جامعة محمد خيضر بسكرة، العدد 23، 2011.
33. عبدالرحمان نشادي، التشريعات الاعلامية و علاقتها بالقوارنين الاخرى، المجلة متيجة للدراسات الانسانية، العدد 7، 2017.
34. عبد الرحمان بن جيلالي، حرية إصدار الصحف بين التنظيم والتقييد (دراسة تحليلية نقدية في التشريعات الصحفية العربية(، مجلة دراسات في حقوق الانسان، العدد 1، 2020.

35. عبد الحميم موساوي، المركز القانوني للاعلاميين بين القانون الدولي و التشريعات الوطنية، أطروحة لنيل شيادة الدكتوراه في القانون، كمية الحقوق والعموم السياسية، جامعة أبو بكر بمقايد، تممسان، سنة ،2017.
36. عصمت عبدالله الشيخ، النظام القانوني لحرية اصدار الصحف، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر، 1999.
37. فارس جميل أبو خليل، وسائط الإعلام بين الكبت والتعبير، دار أسامة للنشر والتوزيع، الأردن، الطبعة 1، 2011.
38. فطيمة قرموش، اشكالية الحق في الاتصال في الجزائر، مذكرة لنيل شهادة الماجستير في علوم الإعلام و الاتصال ،جامعة الجزائر ، 2013.
39. ليلى عبد المجيد، التشريعات الإعلامية، منشورات جامعة القاهرة، 2005.
40. ليلي عبدالمجيد، تشريعات الاعلام دراسة حالة مصر، العربي للنشر و التوزيع، القاهرة، مصر، 2010.
41. مجلة دراسات قانونية، فصلية تصدر عن قسم الدراسات القانونية ببيت الحكمة، بغداد، العدد 24، 2009.
42. محمود عياد، التشريعات الاعلامية، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر، 2020.
43. محمد الطيب عبد اللطيف، نظام الترخيص والأخطار في القانون المصري، دراسة مقارنة، مطبعة دار التأليف القاهرة، مطبعة ، ١٩٥٧.
44. . محمد عمر حسين، حرية الصحافة في مصر و دور القضاء في حمايتها، كلية الحقوق، جامعة القاهرة، صر، 1999.
45. محمد هاملي، اليات ارساء دولة القانون في الجزائر، أطروحة لنيل شهادة الدكتوراه في القانون، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة أبو بكر بلقايد، 2012.
46. محمد العمر، التشريعات الاعلامية، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، السورية، 2020.
47. نبيل خرشي، السياسة الاعلامية: المفهوم و الاسس والمبادئ العامة، 2021. https://al3omk.com/706513.html
48. ماجد راغب الحلو، حرية الاعلام و القانون، منشأة المعارف، الاسكندرية، مصر، 2006.
49. ناهس العنزي، الجرائم الصحفية و الاسرار التحريرية، دراسة تحليلية مقارنة لقوانين المطبوعات و النشر الخليجية و العربية و الاجنبية، طبعة الاول، دولة الكويت، 2011.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

50. Bhavna Sood ,Role of Media in Building the Better Society ,International Journal of Research in Social Sciences, Vol. 8 Issue 9, September 2018.
51. Britannica, The Editors of Encyclopaedia. "Anglo-Saxon law summary". Encyclopedia Britannica, 24 Jul. 2021, https://www.britannica.com/summary/Anglo-Saxon-law.
52. Craufurd-Smith, R 2019, 'Fake news, French law and democratic legitimacy: Lessons for the United Kingdom?', Journal of Media Law, vol. 11, no. 1, pp. 52-81. https://doi.org/10.1080/17577632.2019.1679424.
53. Don R. pember, Clay Calvert, Mass Media Law, Mc Graw Hill, NY, 200-2008.
54. Ewelukwa, B. N. Introduction to Nigerian Press Law. Maranatha Press Ltd. Okpara Avenue, Enugu-Nigeria, 2004.

55. Evan Ruth, Media Regulation in the United Kingdom, Article19 GlOBAL CAMPAING FOR FREE EXPRESSION, 2007.
56. Himanshu Sharma, The role of media in shaping public opinion and its impact on political outcomes, 2023, available on: https://www.newdelhitimes.com/the-role-of-media-in-shaping-public-opinion-and-its-impact-on-political-outcomes/
57. Karadimitriou, A., von Krogh, T., Ruggiero, C., Biancalana, C., Bomba, M., & Lo, W. H. , Investigative journalism and the watchdog role of news media: Between acute challenges and exceptional counterbalances. In J. Trappel, & T. Tomaz (Eds.), Success and failure in news media performance: Comparative analysis in the Media for Democracy Monitor 2021.

یاساکان :

58. قانون الصحافة و النشر/ المملكة المغربية لسنة 1958.
59. قانون الاعلام رقم 21-5 لسنة 1980، الجزائر.
60. قانون المطبوعات الاماراتي رقم 15 لسنة 1980.
61. یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007.
62. قانون العضوي رقم 12 - 05 المؤرخ في 12 يناير 2012، المتعلق بالاعلام.
63. قانون تنظيم الصحافة والإعلام والمجلس الأعلى لتنظيم الإعلام المصري رقم 180 لسنة 2018.

پەیماننامەکان:

64. جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی 1948.
65. پەیماننامەی ڤێنا ساڵی 1986 بۆ یاسای پەیمانامەکان، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چاپی دووەم، 2005.
66. پەیماننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان : International federation of Journalists -(ifj) www.ifj.org

# فلسفة التشريع الاعلامي وانعكاساته على تنظيم وسائل الاعلام- المطبوعات نموذجا
## (دراسة تحليلية)


| ساكار رستم حسين - طالبة دراسات عليا – دكتوراه | الاستاذ المساعد الدكتور سامان جلال مولود |
|---|---|
| كلية الاداب /جامعة صلاح الدين – اربيل | كلية الاداب /جامعة صلاح الدين – اربيل |
| sakarrostam1@gmail.com | dr.samanjalal@gmail.com |



**ملخص**

**يعد قوانين الإعلام من أهم أشكال تنظيم وسائل الإعلام التي يؤثر بشكل مباشر على نشاط الإعلامي. يهدف هذا البحث إلى بيان التنظيم القانوني للإعلام من خلال تحليل أنواع وطرق التشريعات الإعلامية، وكذلك تحليل اتجاهات و فلسفة التشريعات الإعلامية و أثرها على النصوص و الأحكام القانونية في مجال إلاعلام. من ناحية أخرى، يسعي البحث بشكل مفصل الى تحليل مفهوم التشريعات الإعلامية وأنواعها وخصائصها وتحليل اليات و إجراءات تنظيم وسائل الإعلام في الإطار القانوني من خلال عرض تجارب الدول العربية و الأوروبية و اقليم كوردستان.**


**الكلمات المفتاحية: قانون، التشريعات الاعلامية، التنظيم القانوني**

# The Philosophy of Media Legislation and Its Impact on Press regulation processes- Newspapers as case study
## (Analytical Method)


| Sakar Rostam Huseein - PhD student | Asst.Prof.Dr.Saman Jalal Mawlood |
|---|---|
| Collage of Arts / Salahaddin University Erbil | Collage of Arts / Salahaddin UniversityErbil |
| dr.samanjalal@gmail.com | sakarrostam1@gmail.com |



## Abstract

Media legislation is considered one of the most important forms of media regulation that directly affects the media industry. This research aims to analyze

the types and methods of media legislation in a scientific and academic manner, as well as analyze the direction and philosophy of media legislation and their impact on the features of legal texts and articles of media. On the other hand, this research attempts to analyze the concept of media legislation through their types and features in detail. Additionally, illustrates the legal frame of the regulation mechanisms of media outlets through analyses and comparisons among Arab and European countries and Kurdistan region.

**Keywords: Law, Media legislation, Legal regulation**